MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

## هەواڵنووسیی مودێرن

دکتۆر یونس شوکر خاه

# هەواڵنووسیی مودێرن

وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی

٢٠٠٧- هەولێر



**ناوی کتێب: هەواڵنووسیی مودێرن**

- نووسینی: دکتۆر یونس شوکر خاه
- وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٤٢٣)
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: (١٧٥٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب (٢٠)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: ٢٢٦٠٣١١

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆك ( ٥ )
پێشەكیی نووسەر ( ٧ )
كورتەیەك لە ژیانی نووسەر ( ١١ )
١. لە ژۆلیۆسی سێزارەوە ( ١١ )
٢. لە وشە سڕینەوە تا گۆڕانی پێكهاتە ( ١٩ )
٣. سەردەمی نەرمەهەواڵەكان ( ٢٣ )
٤. ئابووریی وشە ( ٢٩ )
٥. هەواڵی ئەلەكترۆنی ( ٣٥ )
٦. رۆڵی ئینتەرنێت لە روژنامەنووسیدا ( ٤٧ )
٧. رۆژنامەنووسیی تەكنۆلۆژیك ( ٥٧ )
٨. سایبێر ژورنالیزم لە بەرامبەر رۆژنامەنووسیی كۆندا ( ٦٧ )
٩. وێبلاگ نووسیی ( ٨٧ )

## پێشەکیی نووسەر

هەواڵنووسیی مودێرن توخمی سەرەکی گۆڕانکارییەکانی سایبێرژورنالیزم پێکدێنێ. توخمی سەرەکیی ئەم کتێبەش دیاردەی هەواڵنووسیی مودێڕنە.

بۆ ناسینی هەواڵنووسیی مودێڕن، پێناسەی هەواڵنووسیی کلاسیك پێویستە، ئێوە دەبێ هەم خاڵە بەهێز وهەم خاڵە لاوازەکانی هەواڵنووسیی کلاسیك بناسن، کەواتە بەرلە هەرشت دەبێ بڵێم خوێنەری ئەم کتێبە ئەوکەسانەن کە لەگەڵ هەواڵنووسیی کلاسیکدا ئاشنان.

ئەمن بۆ رونکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەم کتێبەدا، **٩** وتارم بەکارهێناوە. ناونیشانی وتارەکان بێجگە لە وتاری یەکەم کە تیڕوانینێکی مێژوویانەی بەرانبەر بەباسەکە هەیە، بەتەواوی دەربڕی بواری توێژینەوەکەن.

خاڵێکی دیکەی کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن لە هەواڵنووسیی مودێڕن، تێگەیشتن لە سەردەمی سایبێر و، لەم باسەدا تێگەیشتن لە رۆژنامە نووسیی سایبێر وەك فەزایەکی زاڵ بەسەر هەواڵنووسیی مودێڕندا پێویست بووە ومنیش هەوڵم داوە لەم پێویستییە ورد ببمەوە. هەر ئەم پێویستییەش بووەتە مایەی ئەوە کە دوا وتاری ئەم کتێبە، تەنانەت رووداوی مودێرنی وێبلاگ نووسیش بگرێتەوە.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ سوپاسی هاوکاری بەرێزم ئاغای رەزا یەکرەنگیان، بەرێوەبەری دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی «خجستە»ش بکەم. لە بەرئەم دوو هۆیە:



**یەکەم:** هیمەتی بەرێزیان بۆ بلاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی لەبارەی پەیوەندییەکانەوەن کە بەداخەوە کەمتر کەوتۆتە بەرسەرنجی بلاوکەرەوەکانی دیکە.

**دووهەم:** لەبەر ئەوەی کە هیمەتی ئەوان منیشی گرتۆتەوە وئێوە ئێستا لە بەر ئەم هۆیە بوونەتە خوێنەری کتێبی هەواڵنووسی مودێرنی من.

**یونس شوکرخاه**
**تاران-١٣٨١**
(٢٠٠٢)

## کورتەیەک لە ژیانی نووسەر

د. یۆنس شوکرخاه ساڵی ١٣٣٦ ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٥٨ ی زایینی، لە شاری مەشهەد لە ئێران چاوی بەدنیا هەڵێناوە، دوای تەواوکردنی دەورەی وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزیدا، لە بواری زانستی پەیوەندییەکاندا درێژی بە خوێندن داوە وهەر لەم لقەشدا بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرتووە. سەرەرای نووسینی چەندین وتار لەبارەی رۆژنامەنووسیی وزانستی پەیوەندییەکاندا، پێنج بەرهەمیشی لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە. هەشت کتێبی لە چەند بوارێکی دیکەدا بڵاوبۆتەوە.

د. شوکرخاه ئێستا وێڕای رۆژنامە نووسی، مامۆستای کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی «عەللامەتەباتەبایی »وناوەندی توێژینەوەی راگەیەنەکانە لە تاران.

## ۱

## له ژولیوسی سێزارەوە

ژولیوسی سێزار[1] پتر لە دووهەزار ساڵ پێش ئێستا ئەکتا سێناتوس[2]، ئەکتاپابلیکا[3] وئەکتادیورنا[4] (ئەکتاژیورنا)ی بڵاوکردەوە وئەمانەش لە راستیدا یەکەمین رۆژنامەی هەواڵدان بوون ـ هەڵبەت دەستنووس ـ وهەموو هەواڵەکانیان پەیوەندی بەکاری رۆژانەی حکوومەتی رۆمەوە هەبوو. واتای وشەی دیورنال (Diurnal) شتێك نییە جیا لە رۆژانە (Daily) کە بەرە بەرە بوو بە ژورنالیزم وئێمەش بە رۆژنامەنووسی ناوی دەبەین. ئیتر ژولیوسی سێزار لەم دنیایەدانەماوە، بەڵام ئێستاش خوێنەر، بیسەر و بینەری واهەن کە دەیانهەوێ بزانن دنیا چ باسە؟ دابین کردنی ویستی ئەوان کاری ئێمەیە. ئێمە بەشێك لەو ویستانە لە رێگەی هەواڵەوە دابین دەکەین. نا، وا باشترە بڵێین رۆژنامەنووسی کارێك نییە، نەغمەیەکە، کە بۆ وەڵامدانەوە بە نەغمەی ئەوانی دیکە سەرهەڵدەدات و دەبێ ئەم نەغمەیە نەغمەیەکی خۆش بێت. تەنانەت من پێموایە کە رۆژنامەنووسێك لەم بوارەدا دەبێ تارادەیەك بە تەکنیك تەیاربێت کە بتوانێ رووداوێك بەچەند دەنگ، شێوە وشێوازپێشکەشی وەرگرانی خۆی بکات. بەڵام ئاخۆ هەموو تەکنیکەکانی هەواڵ هەمان شێوازی قوچەکی سەراوبن ومێژوویی بە «لید»ەوە... یە؟

تادوێنێ هەبوو ئەمرۆ نییە. تادوێنێ ئێمە وەك ژولیوسی سێزار وابووین وهەموو ناچاربوون ئەکتاسێناتوس، ئەکتاپابلیکا وئەکتادیۆرناکانمان بخوێننەوە بەڵام ئەمرۆ رۆژگارێکی دیکەیە. تەلەفزیۆن، رادیۆ، سەتەلایت، شارێیەکانی زانیاریی، دیسکێتە نوورییەکان، دیسکێتی ڤیدیۆیی دیجیتاڵ (DVD)، نەرم ئامراز(سۆفت وێر)، هەڵم ئامراز ـ ئەوانەی کە قسەیان لێدەکرێ بەڵام هێشتا



نەهاتوونەتە بازارەوە ـ هەموو بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ ئێمە هاتوونەتە مەیدان. ئەوە دەڵێم چی؟ هاتوون بۆتاڵانی رێنووس و ئەدەبی نووسراو کە رۆژنامەنووسی بەشێکێتی و هەواڵنووسی بەشێکی بچووکترێتی.

هەر پێشبڕکێکەرێکی نوێ، سیمای نوێتر بە سەر نەیارەکەیدا دەسەپێنێ. یەك ژینگە، دوو بوونەوەری وەك یەکی پێ قووت ناچێ و یەك دەمێنێتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە بێ شك سیمایەکی جیاکەرەوەی بۆمانەوەکەی دابین کردووە و بەزمانێکی ساناتر، ئەوەی دەمێنێتەوە چالاکانە هێزی خۆرێکخستنی بە پێکهاتەکەی زیادکردووە. ئەمەو بەس.

### زمانی نوێ بۆ قسەی کۆن

لەوانەیە مرۆڤ و شوێنەکان مرۆڤ و شوێنەکانی پێشتربن. بەڵام زمان ناتوانێ، زمانی دوێنێ بێت. دڵنیابن ئەگەر شکسپیر ئەمرۆکە زیندوو بێتەوە، دەبێ لەوانەکانی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا بەشداری بکات!

ئێمە دەتوانین هەرچی بە خەیاڵ بمانهەوێ لەگەڵ وەرگری بکەین، بەڵام پێمان وانەبێ، وەرگر بێ کار دانیشتووە. هەرگیزوانییە، ئەویش خەریکی کاری خۆیەتی. چاو لە داکشانی تیراژەکان بکەن، دەستی وەرگر ـ بە تۆزێك رامان ووردییەوە - دیارە. بڕیار نییە لە رۆژنامە نووسی بدوێین، باسەکەمان تەنیا لە بارەی هەواڵەوەیە.

### بوومەلەرزە لە کۆڵەگەکانی هەواڵنووسیندا

لە لیدەوە بگرە تا خاڵی کۆتایی هەواڵ، هەموو لە بومەلەرزەیەکی ترسناکدا گیرۆدەن ودواڵەرزەکانی هێشتا نەهاتوون. ئێستا ئیتر هەر رۆژنامەنووسێك بۆتە مامانی هەواڵکەی خۆی وهیچ ئاگادارییەك لە زاینگەی هەواڵ ـ ئەویش بە لۆدە بەرهەمهێنان ـ لە ئارادانییە.

بە هیچ جۆرێك نامەوێ بتانترسێنم. تەنیا بە راشکاوی دەدوێم: ئیتر هەواڵنووسی، تۆمارکردنی رووداو نییە. ئەمە بە سەرهاتێکە لە بارەی دوێنێکەوە کەئەمڕۆ بە نەزیلەی ماسییەکەی لە ئاو بەدەر، ناوی دەبەین ! بەهیچ جۆرێك نامەوێ ئێستا ئاماژە بەهێندێ لە تەکنیکەکانی بەکارهێنانی کاریگەریی بکەم، ئەو تەکنیکانەی کە دەتوانن لید و گشت پێکهاتەی هەواڵ بگۆڕن. بۆنموونە بەکارهێنانی شێوازی نەرمە هەواڵ (Soft news) شێوازێکی نوێیە کە ئێستا تەواوکەری سەختە هەواڵ (Hard news)ە. لەبەر ئەوەی نەرمە هەواڵ وسەختە هەواڵ بە تەواوی لە نەرمە ئامرازو سەختە ئامرازدەچن، دەریدەخەن کە، بوونەوەری ئەم دەیانەی ئاوێتەی شۆڕشی پەیوەندییەکانن.

### دە قۆناغی نووسینی هەواڵ

ئەوکاتە هونەری نوێی هەواڵنووسی بەدەست دێنین، کە بنەما و تەکنیك و وەرگرەکانی بناسین و ئەمانەش بە واتای دەیان کتێبی ئاکادیمییە کە لە چەندین ساڵ تەجرەبەی هونەرییەوە هاتبێ، نە کاری منە ونە لە تاقەتی ئێوەش دایە. کەواتە بابێین و قەدبڕ بڕۆین، من دە قۆناغی نووسینی هەواڵ لە روانگەی تۆماس بێرنێرەوە(٥) کە مامۆستای هەواڵنووسییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا وراوێژکاری چەندین رۆژنامەی گەورە وگرنگی نێودەوڵەتییە، روون دەکەمەوە، تاکوو وێڕای ئاشنابوون لەگەڵ ئەم دە قۆناغە ـ کە نەك وشەبەوشە بەڵکوو ناوەرۆکیتان پێشکەش دەکەم ـ بزانین کە ٩٠ لە سەدای پرۆسەی هەواڵنووسی، هەرلە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە قەڵەم بەسەرکاغەزداهێنانەوە نییە وئەگەرهاتوو قەڵەمیش بەسەرکاغەزداهات، گێڕانەوەیەك (رەوایەت)ی دیکە دەست پێدەکات.

١– **قۆناغی یەکەم، پەیامنێریی (ریپۆرتەریی)ە:** کۆکردنەوەی زانیاریی پەیوەندیدار بە بابەتەکەو، بەدەست هێنانی زانیاریی ورد، دیتنەوەی تەن و بەرجەستەکردنی رووداوە. هەواڵێکی باش تەنیا بە سەرچاوەیەك پشت گەرم



نییە، شەبەنگێك لە سەرچاوەکانی هەواڵگەیاندنی دەوێ. زانیارییەکان دەبێ لەرێی گفتوگۆ، بینین و ئاماژە بۆ سەرچاوەکانەوە دەستەبەر بکرێ.

٢– **قۆناغی دووەم، بیرکردنەوەیە:** بەر لەوەی بنووسین، دەبێ بزانین کە بەسەرهاتەکە لە بنجدا چ بووە ودەبێ چۆن پێشکەش بکرێ. ئەمرۆ هیچ بەرهەمێکی پەیوەندیکردن بەبێ پێش شیکارییەك وبیرێکی سەرەتایی پێشکەش ناکرێ. بەشێك لەم بیرکردنەوەیە، لە رەوتی نووسیندا دەکرێ، بەتایبەت ئەگەرئەو رووداوەی دەمانەوێ بیخەینە ژێر چەتری راگەیاندنی خۆمانەوە زنجیرەیەکی زەمەنی دوورودرێژیشی هەبێت.

٣– **قۆناغی سێیەم، رێکخستنە:** رۆژنامە نووسی پسپۆڕ بەرلەوەی بنووسێ کەرەستەکانی خۆی رێکدەخا. ئەم جۆرە لە رۆژنامەنووسان خێراتر وباشتر دەنووسن ودەزانن بەسەرهاتەکە لە کوێرا دەستی پێکردووە وبەرەوکوێ دەچێ. لە تازەکارەکان گەرێین کە پێیان وایە کاتێ دێڕی یەکەمیان نووسی، بەشەکەی تری هەواڵ بۆخۆی دێت. پسپۆڕەکان، مەرجی باش نووسین بە پلانی سەرەتاییەوە گرێ دەدەن. رێکخستنی باش لە تێگەیشتنی تێم و ناوەرۆکی سەرەکیی رووداوکەوە بەدەست دێت، کە تێمە سەرەکییەکە بەدەست هات، پاژە پەیوەندیدارەکان پێکەوە گرێ دەدرێن وبەژنی هەواڵەکە پێکدێنن. پسپۆڕەکان لە هەواڵنووسیدا هیچ نالێن و پیشان دەدەن. نموونەی وێنەییانەی باش، هەوێنی دەسەڵاتی هەواڵنووسین.

٤– **قۆناغی چوارەم، میکانیزمی بابەتەکەیە:** رۆژنامەنووسی بە ئەزموون، میکانیزمی هەواڵ دەناسێ وبەواتایەکی دیکە، تێگەیشتنی وەرگر وەك پێوەر وئامانج دادەنێ. میکانیزمی زمان، هەمان پێوەرەکانی وەرگرانە، لە وشەی ئاشناوە تا رەچاوکردنی خاڵ و فاریزە. رۆژنامەنووسی بە توانا هیچکات ئاسمانی وەرگر بە پشتگەرمیی زیادەڕۆیانە بە خۆی تەماوی ناکات.

٥- **قۆناغی پێنجەم، داڕشتنی شێوازە:** شێواز، چێژە، چۆنێتییە وزەیە و کەسێتی پارچە نووسراوەیە. شێواز کورتە وپێناسەی نووسەرە. شێواز، ئاراستە و روانگەیە. رۆژنامەنووسی بەتوانا، باش وسەرنج راکێش دەنووسێ، لە کلشیە خۆدەپارێزێ و جار لە دوای جار شتی نوێ دەخولقێنێ، جۆرێك دەنووسێ کە پێشتر نەنووسراوە، هەمووکارێکی (ئۆریژناڵ)ێکە.

٦- **لیدی هەواڵ، وەرگر تووش دەکات:** لیدەکان زۆربوون. من لەکتێبی هەواڵدا ئاماژەم بەهێندێکیان کردووە وهێندێکی تریانم بەجیا لە وانەکانی خوێندندا بەخوێندکارەکان گوتۆتەوە، کەواتە واز لەباسکردنیان دێنم وتەنیا راسپاردەکەی تۆماس بێرنێر بە بیردێنمەوە کە: لید ئێمە هەڵینابژێرین، ناوەرۆکی هەواڵ لید دیاری دەکات.

**سێ قۆناغەکەی دیکە،** پەیوەندییان بە لید، بەژن و کۆتایی هەواڵەوە هەیە کە دەبێ ئەم سێ بەشە، کە لە راستیدا پێکهاتەی هەواڵ پێکدێنن، بەجیا لە بارەیانەوە بنووسرێ. تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە ئەگەر لێرەدا یەکێتی ئەم سێ بەشە لە ئارادا نەبێ، هەموو شت دەڕووخێ، رێگەم بدەن بچمەوە سەرباسەکە:

٧- **بەژنی هەواڵ، سەرەداوە سەرەکییەکان دەخاتەروو.** تۆوی باش نووسین لێرەدا دەڕوێن. ئەگەر رۆژنامەنووس، زانیاریی و وردەکاریی پێویستی دەستەبەر نەکردبێت، بەژنی هەواڵەکە، شەفافییەتەکەی نامێنێ و ئەگەر زانیاریش بەباشی رێکنەخرابێت، ئەم بەژنە، نوقستان دەبێ، ئازاردەبێینێ و ئازار دەگەیەنێ.

٨- **هەواڵ دەبێ کوتاییەکی باشی هەبێت:** لەشێوازی قوچەکی سەراوبندا دێڕەکانی کۆتایی هەواڵ، بەواتای کەم بەهاترین زانیارییەکانن، بەڵام لە



هەواڵنووسین بەشێوازی نەرمەهەواڵ یان قووڵ نووسین (in-depth)دا، وەرچەرخانێك لە هزر یان لە دەستەواژەکاندا دەردەکەوێ، دەورووژێنێ، پرسیاردروست دەکات و بەواتایەکی دیکە خوێنەر بۆ بەدواداچوونی رووداوەکە هان دەدات. من زۆرجار لەوانەکانی هەواڵنووسیدا گوتوومە هەواڵەکەمان کۆتایی پێدێت، بەڵام رووداوەکە نا. کەواتە وای تەواومەکەن کە خوێنەر پێی وابێت فیلمێکی سینەمایی دیتووەو وشەی کۆتایی، بەرەو دەرچوون لە سینماکە بانگی دەکات.نا! رۆژنامە، ماڵی خوێنەرە. هەواڵ، وێڕای گەیاندنی زانیاریی، دەبێ پرسیارهێنیش بێت تاکوو خوێنەر رووداوەکە لە دووبدات و هزری رەخنەگرانەتر رابێت.

٩- **قۆناغی نۆیەم هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەیە:** هەواڵنووسی باش سکرتێری نووسین وسەرنووسەری باشیشە، کارەکەی بە باشی هەڵەچنی دەکات، هەڵەچنیی باش، تاقەت بڕوتاڵە. دەڵێی مرۆڤ خەریکە عەیبەکانی خۆی یان منداڵەکەی دەردەخات. نووسەریی بۆخۆشی دەرخستن (کەشف)ێکە و زۆربەی دەرخستنەکان هەرلەم قۆناغەدا هەڵدەسەنگێندرێن. ئاخۆ هەواڵەکەتان وەڵامدەری رووداوەکە ئەویش لە تێروانینی خۆتانەوە هەیە؟ ئەگەرنییە، سەتڵی زبڵی کاغەزە بێ کەڵکەکان نزیکە! سەر لە نوێ بنووسنەوە.

١٠- **سەرلە نوێ بنووسنەوە، دەستپێبکەنەوە:** نووسینەوەی هەرنووسراوەیەك سوودی پێ دەگەیەنێ و دووبارە نووسینەوە دەرفەت دەخولقێنێ. ئەگەر پێویست بێت سەرلە نوێ پەیوەندی بکەن بە سەرچاوەیەکی هەواڵدانەوە، ئەی بۆ راوەستاون؟

**خەریکە تەواو دەبێت**

رێگەم بدەن لەکۆتاییدا ئەم خاڵەش زیادبکەم کە ئەم قۆناغە دوورودرێژانە بەرواڵەت دەبێ بینە بەشێك لە گیانی ڕۆژنامەنووس وتێیدا بنیشن، راست بەوجۆرەی کە کات هیچ شك نابەین، نائاگایانە ئەسپی قوچەکی سەراوبن تاو دەدەین. کەواتە لەم دە قۆناغە دایە کە دەکری هەواڵەکان رەنگین تربکەین، گیانێکی مرۆڤانەیان بە بەردابکەین، وەرگر سەرگەرم و شتی فێربکەین وهەواڵ لە مەئموورییەتێکی تایبەت بۆ ٢٤ کاتژمێر رزگار بکەین.ئەم قۆناغانە دەتوانن یارمەتیی ئێمە بدەن کە رووداوەکان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی تر، نەتەوەیی تر ونێونەتەوەیی تردا دابنێین.

هەرلەبنەرەتدا وەرن ئەم دەقۆناغە لەبیربکەن وتەنیا وەرگرتان لەبیربێت.ئایا لەم شێوازە لۆس وچەند پاتە بووانە ماندوو نەبوون؟

خوێنەرچەند ملیۆن جاردەبێ بخوێنێتەوە" شایانی بیرهێنانەوەیەکە، لەم بوارەدا، لە گۆرانکارییەکی دیکەدا، لەم پەیوەندییەوە، هاوکات سەرەرای ئەمەش گوتی، ئاماژەی پێکرد، پێویست بەبیرهێنانەوەیە...نابەخودا، ئیدی پێویست بەبیرهێنانەوە ناکات !

ئێستا ئەم شێوازەی نەرمەهەواڵ کە هەر ئاماژەم پێکرد و بەس، بۆ چەند بواری **نوێ لە زمانی نوێدا، دابەش بووە:**

١- **بواری تاکەکەس:** خوێنەربەچڕی لەتاکەکەس نزیك دەکاتەوە وبەدەروون شیکاریی تاکەکانەوەی خەریك دەکات. لەم هەلۆێستەدا هەمووەمرۆڤەکان لە هەواڵەکاندا وەك یەکتر دەرناکەون.

٢- **بواری حەزەکانی مرۆڤ:** لەم بوارەدا، نزیکی بابەتێك یان بەهایەکی زانستی، سۆزەکی وسەرگەرمکەر لەبەرچاودەگیرێ.



٣- **بواری ئاراستە و روانگە گشتییەکان:** ئەوجەماوەر و ناوچە و دامەزراوەانە دەگرێتەوە کە کاریگەریی تایبەتیان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت.

٤- **بواری هەواڵە قووڵەکان:** پشت بە سەرچاوەی جۆراوجۆرو گفتوگۆی بەربلاو دەبەستێ.

٥- **بواری پێشەکەشکردنی پێشینە:** کە بە پارچەیەکی شیکاریی ( Analysis Piece) ناوبراوە، ئەم هەوالانە واتا بەو رووداوانەی لەگۆڕێدان دەبەخشن وخوێنەریش لە «گوێ قولاغ»و «سەروەخت» باردێنن.

دەرفەت کەمە. دەبێ لەهەواڵنووسیدا گۆڕانێك بێتە ئاراوە. ئەمرۆ باوەرێك زاڵە کە هەواڵ دەبێ وەك جەغزێك وێنا بکرێ.پاراگرافی کۆتایی، ئیتر بێ نرخترین پاراگراف نییە، پاراگرافی کۆتایی، جەغزەکە تەواو دەکات، هەواڵەکە بە جێگایەك کۆتایی دێت کە لید دەستی پێکردووە. لەوانەیە گواستنەوەی گوتە لە کۆتایی هەواڵەکانی ئەمرۆکەدا، مەزنترین ئاماژە بەو جەغزە ومەزنترین رەمزی گۆڕان لە شێوازەکانی هەواڵنووسی بێت. ئێستا هەواڵەکان بە هەر پێنج هەستەکان لە مێشکدا وێنا دەکرێن وپاشان بۆ ئەو پەنجانە دەگوازرێنەوەکە قەڵەمەکەیان لە خۆگرتووە.

۲

## له وشه سڕینەوەوە تا گۆڕانی پێکهاته

هەواڵنووسی تووشی **گۆڕان** بووە. ئەمە وەك **لید** لەمنی وەرگرن.

**بەلاّم دەق:** ئەم گۆڕانانە، سەرەتا لە وشەکانەوە دەرکەوتن. بەواتایەکی دیکە، وشە سڕینەوەیەك دەستی پێکرد. هەواڵنووسەکان هەوڵیاندا لە دووپاتە بوونەوەی وشە لە هەواڵێکدا خۆبپارێزن وچونکە ئەمەش بەتەنیا بەس نەبوو و وەرگری ڕازی نەدەکرد، سەرلە نوێ هەوڵیاندایەوە هێندێ گۆڕانکاریی دیکەش بکەن. ئەم گۆڕانکارییانە بەرەبەرە لە سیمای «تۆخی هەواڵ »ەوە، ڕۆنانەکەشی گرتەوە.


بە جۆرێك کە لەوانەیە بکرێ بگوترێ ژانرە کۆنەکەی هەواڵنووسی، شوێنەکەی خۆی بە گوتارێکی نوێ بەخشی. وادێتە بەرچاو کە سەرەکیترین سیمای جیاکەرەوەی ئەم گوتارە نوێیە، دوورکەوتنەوەی لە شێوازی قوچەکی سەراوبنە لە هەواڵنووسیدا وئەمەش هەمان گۆڕانکارییە قووڵەکەی ناو هەواڵنووسییە.

ئەم گۆڕانکارییانە چۆن درووست بوون؟ ئەم پرسیارە دەبێ لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێ و وەلاّم بدرێتەوە. بەشێك لەم ئاڵوگۆڕانە لە لایەن ڕاگەیەنەی چەند کارە(Multimedia) وئەلکترۆنی و ڕایەڵەکانی ڕاگەیاندنی زانیارییەوە بە سەر هەواڵدا سەپاون. بەتایبەت پەخشی زیندوو کە پێناسەی هەواڵیشی تێك داوە: «هەواڵ، ڕاگەیاندنی ڕووداوێکە». ئەم پێناسەیە پێشتر دەمانگوت و دەمانبیست. ئێستا پەخشی زیندوو، خودی ڕووداوەکە پیشان دەدات ولەڕاستیدا دەبێ بگوترێ: هەواڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوێك بوو وئێستا خودی ڕووداوەکە پێشان دەدات.



بەشی دووەمی ئەم گۆڕانکارییانە مەزاجی خێرا ڕوو لە گۆڕانی وەرگر سەپاندوویەتی. بەکورتی، وەرگران لە جووینەوەی جاوراوەکان وئەم مۆدێلانەی لە پەخشانی وشك ویەکدەست وبێ گیانەوە پەیدا بوون، بێزراون.

ڕەنگبێ بکرێ بگوترێ گشت پێکهاتەی داڕشتنی هەواڵ تووشی گۆڕان بووە.





خشتەی (أ)

بە واتایەکی دیکە قسە لەسەر ڕۆنانی سەرەوەی بابەتەکە نییە، ئەوەی بەگۆڕانی وشەکان هەمووشت چارە سەربکرێ. باسەکە بە کردەوە لە سەر ڕۆنانی ژێرەوە وسەرەوە ـ هەر دووك پێکەوە ـ یە.

هەواڵ تادوێنێ شێوەی ستوونی هەبوو، وەك خشتەی (أ).لەم خشتەیەدا، هەروەك دەیبینن هەواڵ سەرێکی هەبوو کە هەمان لید (Lead)ە، دواتردەهاتە دەق (body)و پاشان ئەنجام وکۆتاییەك (Ending)یشی هەبوو. لێرەدا من هەوڵمداوە کە شێوازی قوچەکی سەراوبنیش بە هێڵی خاڵدار پیشان بدەم، دەزانین لە قوچەکی سەراوبندا هەرچەندی لە کۆتایی هەواڵەکە نیزیك دەبینەوە، ئاستی گرنگیی زانیارییەکانیش دادەکشێ.

بەڵام ئیتر هەواڵ ئەمڕۆکە بەشێوەی ستوونی نییە وبەشێوەی جەغزە. بە واتایەکی دیکە هەواڵ ئێستا لە شوێنێك کۆتایی دێت کە دەست پێکراوە. وەك خشتەی (ب).




خشتەی(ب)

واتای ئەم ڕۆنانە نوێیە ئەوەیە کە بەهای زانیارییەکان بە دێرەکۆتاییەکانی هەواڵ داناشکێ، لەم ڕۆنانەدا توخمی هەواڵیی«لە بەرچی / بۆچی ؟ »(Why) بەهای پێدەدرێ وپەیامنێر بەئاماژەی بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان هەوڵدەدات وەڵامی ئەم «لە بەرچی / بۆچی ؟ »یانە بداتەوە.

توخمی «لە بەرچی / بۆچی ؟» لەبەر ئەوە زیاد بووە کە گوتمان ڕووداو دەشێ بنوێندرێ و ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووس دەمێنێتەوە، ڕوونکردنەوەی هۆی ڕوودانی ڕووداوەکەیە.

لەم ڕۆنانە نوێیەدا، هۆکاری مرۆڤایەتی لەهەمووشوێنێکدا بەبنج دادەنرێ. ئێستا دەبێ دەنگی مرۆڤ لە هەواڵدا ببیسرێ. گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی گوتە لە زاری کەسان زۆربەکاردێت.



لە لایەکی تریشەوە، وێناکردنیش لە هەواڵدا بەخێرایی بەرەوی سەندوە، بەشێوەیەك کە دەڵێن: مەڵێ ! پیشان بدە !

ئەو وێناکارییانە لەهەواڵدا، بە جۆری هەواڵەکەوە بەندن. هێندێ جار وێنە، وێنەیەکی نوێیە وهێندێ جار کۆنە.

ئەمڕۆکە هەواڵە جەغزییەکان بێجگە لەوەڵامدانەوەی وەرگر، بە پرسیاریشن. ئەم پرسیارسازییەیان پتر لەبەر هاندانی وەرگر بۆ چوونی بەدوای ڕووداودا دێتە ئاراوە ؟

ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەو شێوازە دەنووسێ، باش دەزانێ کە هەواڵەکەی کۆتایی پێدێ، بەڵام ڕووداوەکە کۆتایی پێ نایە وچونکە کۆتایی پێ نەهاتووە، وەرگر نابێ بگاتە ئەو لێکدانەوەیەی کە چونکە هەواڵ بە ڕووداوێك دادەنرێ، ئیتر پێویست نییە بەدوای خودی ڕووداوەکە دا بچێ، هەرلەبەرئەم هۆیەیە کە دەڵێن، ئەمڕۆکە هەواڵ لە جێگایەکدا کۆتایی پێدێت کە، دەستیپێکراوە.

ئەم جۆرە لەهەواڵنووسین زۆرجار بە پرسیار کۆتایی پێدێت. ئەم پرسیارە یان بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەخرێتە ڕوو یان بەکەڵك وەرگرتن لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی گوتەی سەرچاوەیەك کە وەرگر توشی بیرکردنەوە وهزرین بکات، دێتە ئاراوە.

بە هەرحاڵ، هەواڵنووسیی نوێ ئێستا لە دۆخی تێپەریندایە وئەدەبیاتی خۆی بەتەواوی تۆمارنەکردووە وپتر لە خەرمانەیەکدا بەناوی نەرمە هەواڵدا خۆ دەنوێنێ، ورووژاندنی هزری ڕەخنەگرانە وپرسیارگەرانەی وەرگر بە ئەرکی سەرەکی وپیشەیی خۆی دادەنێ.

ئێوەچی ؟ ئایا گەیشتوونەتە ئەو پێویستییە ؟ ئاخۆ ئەم جۆرە شێوازەی هەواڵنووسیتان دیتووە؟ یان دەتانەوێ تاقی بکەنەوە؟ ناچار نین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، بەڵام عەقڵی ساخ ئەمردەکات بەرلەوەی وەرگر بە شێوەیەکی ئامیرانە ئەم کەشوهەوایەتان لێداوا بکات، بۆخۆتان بچنە نێو کەشوهەواکەوە.

# ٣

## سەردەمی نەرمە هەواڵەکان

جەماوەر دەیهەوێ بزانێ چی لە دەوروبەری رودەدات. ئەوان پێویستییان بە هەواڵە. شێوەی راگەیاندن، نواندن ویان نووسینی هەواڵ تارادەیەکی زۆر لۆس بووە. ئەم لۆسبوونە کە لەگەڵ جۆرێك وشکی و بێ گیانی ئاوێتەیە، پێویستیی گۆڕانی شێوازە کۆنەکانی بەسەر جیهانی پەیامگەیاندندا سەپاندووە، بەشێوەیەك کە دەکرێ بڵێین شێوازی جۆراوجۆر بەڵام نیزیك لە یەکتر لە هەواڵنوسیدا، ئێستا بۆتە دووجۆر: هەواڵی سەخت یان سەختەهەواڵ وهەواڵی نەرم یان نەرمە هەواڵ.

**سەختە هەواڵەکان** هەر ئەو هەواڵانەن کە لە شەش توخمی هەواڵدان پێکهاتوون: چی ؟ کێ؟ کەی؟ لەکوێ؟ چۆن ؟ ولەبەرچی؟

بەڵام **نەرمە هەواڵەکان** تارادەیەك لە رووداوەکان دووردەکەونەوە تاکووجەماوەر، شوێنەکان وئەوشتانەی کە سیما بەجیهان، یان نەتەوەیەك ویان گروپێك دەبەخشن تاوتوێ بکەن.

سەختە هەواڵەکان بەردەوام پلەی یەکەمی پیشەی رۆژنامەنووسی پێکدێنن. بەڵام نەرمە هەواڵەکان تارادەیەك ماهییەتی ریپۆرتاژیان هەیە. ئەویش لە جۆری کورتەکەی. ئەمڕۆکە بە زەحمەت دەکرێ لە نێوان هەواڵێك و ریپۆرتاژێکی کورتدا سنوورێك دابنرێ. ئەمڕۆ رۆژنامەنووسان لەبەردوو هۆ هەواڵ رادەگەیەنن: یەکەم، لە بەرپیشبڕکێ کردن لەگەڵ راگەیەنەی ئەلکترۆنی کە هەواڵەکان لەرۆژنامەکان سەرنج راکیشتر دەگەیەنن ودووەم، بێزرانی خوێنەران لە شێوەی لۆسبووی گەیاندنی هەواڵ.



هەواڵە سەختەکان لە ژێرکاریگەریی ئەوکاتمەندییە ناسراوە راگەیەنەییەدان وا لە ٢٤ سەعاتی رابردوو یان ٢٤ سەعاتی داهاتوودا دەخرێتە روو. بەواتایەکی دیکە، سەختەهەواڵ ئامرازی رێکخستنی رووداوەکانی رابردووی نزیك و یان داهاتووی نزیکە.

بەڵام نەرمە هەواڵەکان بەدوای بەرجەستە کردنی داهێنەرانی رووداوەکان و شرۆڤەکردنی رووداوەکاندا دەچن کە جیهانی هەواڵەکانیان خستۆتە ژێرکاریگەریی خۆیان. نەرمە هەواڵەکان بەدوای شیکردنەوەی ئەو بابەتانەوەن کە لە جیهاندا، یان لە ئاستی نەتەوەیەکدا ولە کۆڕەکاندا روودەدا. هەروەها نەرمەهەواڵەکان دەیانهەوێ بە جەماوەر بڵێن چۆن کارێکی تایبەت بکەن، ئەم جۆرە هەواڵانە وانەی شێوەی ژیان لە جیهانێکی ئاڵۆزدا دەڵێنەوە، رەوتە پێکەوە لکاوەکان لە کۆمەڵگەکاندا دەخەنە ژێر چەتری گەیاندنی خۆیان وجەماوەریش بەخۆیانەوە خەریك دەکەن.

وەرگران بەردەوام خوازیاری هەردوو شێوازەکەن. ئەوان پێیان خۆشە هەم لەو رووداوانە ئاگاداربن کەلەکاتی خەوتنیاندا تا سەر لە بەیانی روویان داوە و هەم خوازیاری ئەوەن کە سەرگەرم، شاد وتەنانەت خەمین بن وشت فێربن ولە خوێندنەوەی هەواڵەکانیش چێژوەرگرن.


رۆژنامەنووسان سەرەڕای ئەودژوارییانەی بۆ دەست نیشانکردنی سنوورەکانی نەرمە هەواڵ لە ئارادا هەن، هاوپێچ لەسەر ئەم خاڵەش رێککەوتوون کە بڕیارنییە لەگەڵ نەرمە هەواڵدا هەواڵێکی دەستی یەکەم بەوەرگر بدەن. بەپێی ئەم رێککەوتنە هاوپێچە، نەرمەهەواڵەکان هێندێ جار وەرگرتنێکی دووبارەی ئەو مەقوولانەن کە لە گەڕی هەواڵداندا هەبوون.

بەڵام لەبەر بەهاتایبەتەکانیان، دەبێ وێڕای رەنگ، مرۆڤانەترو سەرگەرمکەرتر، فێرکارتر وروونتر دووبارە بخرێنەوەروو. هەواڵەنەرمەکان لە هەواڵە سەختەکان قووڵترن و لەروی ناوەرۆکە بە داڕشتنی جیاواز پێشکەش دەکرێن.


## ڕۆنانی نەرمە هەواڵەکان

هەواڵــە ســەختەکان ناوەڕۆکــەکانیان لــە گرنگــەوە بۆکــەم گــرنگ (قوچــەکی ســەراوبن)ڕێکدەخــەن. بەواتایــەکی دیکــە قوچــەکێکی ســەراوبن لــەم ڕۆنانــەدا شــاراوەیە کــە هەرچــەندی لــە نــووکی قوچــەکەکە نزیــك دەبییــەوە لــە گرنگــی زانیارییەکانی کەم دەبێتەوە (خشتەی ج) ئەم قوچەکە بــە هێڵــی خاڵــدار دیــاری کراوە.


ڕۆنانی جەغزیی نەرمەهەواڵ پێمان دەڵێ هەواڵەکە لەوجێگایەدا کۆتــایی پێــدێت کە دەست پێکراوە. بە واتایەکی دیکە، نەرمە هــەواڵ خوێنــەر تێدەگەیــەنێ کــە هەواڵەکە تەواو بووە، بەڵام ئەو ڕووداوەی بۆتە مایەی نووسینی ئەم هەواڵــە، لــە جیهانی دەرەوەدا بەردەوامە وهێشتا تەواو نەبووە.



خشتەی (أ)


خشتەی (ب)





خشتەی (ج)

نەرمــە هــەواڵ بــە شــێوەیەکی شــیکارانە، ڕەخنەگرانــە وپرســیارگەرانە ســەیری خوێنەردەکات و لە ڕاستیدا هانی دەدا بەدوای ڕوداوەکەدا بچێ. لەڕێگەی:

- پشت بەستنی بەتاك لە باری پیشەییەوە
- ئەو ڕووداوانەی مرۆڤەکان حەزیان لێیانە
- ڕووداوی سەرنجڕاکێش.
- ڕووداوی قوڵ و ئاڵۆز.
- ڕوونکردنەوەی زیاتری هەواڵ لە ڕێگەی پێشینەکەیەوە.

### پشتبەستن بە تاکە کەس

ئەو نەرمە هەواڵانەی لەگەڵ باری پیشەیی تاکەکان لە پەیوەندی دان، خوێنەر لــە کەسایەتی سەرەکی نزیکتر دەکەنەوە ولەم ڕێگەیەوە سوود لە هەر ئامرازێــك بــۆ بەرجەستەترکردنی کەسایەتی سەرەکی هەواڵەکە، وەردەگرن. ئەم جۆرە لە نەرمــە هەواڵــەکان ئێــستا لوتکــەی حــەزی ڕۆژنامەنووســان پێکــدێنن. لــەم جــۆرەی هەواڵنووسیی نەرمدا ڕۆژنامەنووس دەبێت بەش بە بەشــی کەســایەتی ســەرەکی هەواڵەکە وێنا بکات.

## حەزی مرۆڤ

لەو نەرمە هەواڵانەی پەیوەندییان بە حەزی مرۆڤەوە هەیە، لایەنی سەرنج راکێشی رووداو یان سەرسوڕمانی رووداو یان بواری کرداری، سۆزەکی وسەرگەرمکەری دەبێتە تەوەری هەواڵنووسین.

## پشت بەستن بە تاکەکان

لەم جۆرەی نەرمە هەواڵەکاندا، رێکخراوەکان، تاکەکان و ئەوشتانەی کە بە جۆرێك کاریگەرییان لە سەرکۆمەڵ هەیە و یان بەگوتەی رۆژنامەنووسان بەهای هەواڵیی گرتنەوە وێڕای کاریگەرییان تێدایە دەکەونە ناوەندی سەرنجی هەواڵنووسەوە وبەرهەمی ئەم کارە بە شێوەی نەرمە هەواڵ پێشکەش دەکرێ.
جەماوەر زۆر حەزیان لەم جۆرەی نەرمە هەواڵەکانە، چونکە پێیان خۆشە لە هەمووشتێکی گەرمی رۆژ ئاگاداربن.

## رووداوی قووڵ و ئاڵۆز

لە راستیدا ئەم جۆرەی نەرمە هەواڵەکان بەرهەمی لێکۆڵینەوە وگفتوگۆی تێروتەسەلن، لەم جۆرەی هەواڵنووسیدا ناشارەزایی تاکەکان و دامەزراوەکان ورێکخراوەکان لە زمان یەکەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە، لە جۆرەکانی دیکەی نەرمە هەواڵیش درێژترن.

## پێشینەدەر

پێشینەدەرەکان بە روونکردنەوەی زیاتری ئەو رووداوانەی بەرێوەن، واتای کێشەکان قووڵتر و بەربڵاوتر دەکەن و ئەمرۆیی گوتەنی وەرگران وریادەکەنەوە.
نەرمە هەواڵەکان ئێستا پێکهاتەیەکیان پێکەوە ناوە، ئەم پێکهاتەیە بە پێچەوانەی پێکهاتەی هەواڵە سەختەکان کە بارێکی ستونییان هەبوو (خشتەی أ) شێوەیەکی بازنەییان هەیە (خشتەی ب).



بێجگە لەم شێوە داڕشتنە گرنگە، دەبێ ئەمەشی پێ زیاد بکەم کەلەجیاتی یەك سەرچاوە، چەند سەرچاوەیان هەیە، لە گێڕانەوەی راستەوخۆ لە سەر زاری کەسانی دیکە زۆر سوود وەردەگرن، شیکارین، زمانێکی نافەڕمیتریان هەیە، گێڕەرەکە، یەکەم کەسە وئەوەش بەواتای بەچاوبینینی رووداوێکە.

وێڕای ئەمانە نەرمەهەواڵەکان سوود لە پێشینەش وەردەگرن وبەپێچەوانەی هەواڵە سەختەکان کە ئەم پێشینەیە لە کۆتاییەکەیدا دێت وبەچەند دەستەواژیەکی وەك "پێویستە لە بیرمان بێت"، شایانی باسە ئاماژەی پێدەکرێ پێشینە لە بەش بە بەشی هەواڵەکەدا بەکاردێنێت. نەرمە هەواڵەکان لە زۆرباردا بە پرسیار کۆتاییان پێدێت و یان بەگێڕانەوە لە سەرزاری کەسانی دیکە وپێشبینیکردن، خوێنەر لە چاوەڕوانیدا رادەگرێ تاکوو بەدوای هەواڵەکەدابچێ.
بە بۆچووونی ئێوە نەرمەهەواڵەکان لە سەختە هەواڵەکان سەرنج راکێشتر نین؟

٤

## ئابووریی وشە

هەواڵ دەبێ بەکورتی بنووسرێ، تەنانەت ئەگەر پێویستیتان بە هەواڵی درێژیش هەبێت ! بە کورتی نووسینی هەواڵ بەواتای قوربانی کردنی زانیارییەکان نییە، هێندێ جار رۆژنامەنووسان پێیان وایە بەکورتی نووسینی هەواڵ بە واتای کرتاندنی چەند پاراگرافێکێتی. کە بەهیچ جۆر وانییە. کورتکردنەوە لە هەواڵنووسیدا و یان بەواتایەکی دیکە، چڕکردنەوەی بەواتای کرتاندنی زانیارییەکانی هەواڵەکە نییە.

### بنەما ئابوورییەکانی هەواڵنووسی

بێگومان تێلگرافتان تاقی کردۆتەوە یان لانی کەم دەقە تێلگرافییەکانتان دیتووە. لە تێلگرافدا گشت پەیامەکە دەگات بە لایەنی بەرامبەر، بەڵام لەکورترتین شێوەی گونجاودا.

بۆچی لە تێلگرافکردندا، هەوڵمان دەدا کەمتر وشە بەکاربێنین ؟ چونکە بۆ هەر وشەیەك دەبوو پارە بدەین. هەربۆیە وشەی کەمترمان بەکاردێنا تاکوو پارەی کەمترمان بچێ. من ناڵێم هەواڵ وەك تێلگراف لێبکەین. بەڵام دەڵێم فەلسەفەی بەکورتی نووسینی لە تێلگراف، وەك بەکورتی نووسینی لە هەواڵ وایە. سەرەرای ئەمەش، زیادە نووسین لە هەواڵدا زیانێکی تریشی هەیە.



### بیرلە ئاگاداری [ریکلام] بکەنەوە

ئەگەر ئەزمونی رۆژنامە نووسیتان زۆر بێت جیا لەو پێناسە باوانەی لەبارەی هەواڵەوە هاتوون و پتر لە زانکۆکانیشدا پێشکەش دەکرێن، بەپێناسەیەکی دیکەش گەیشتوون و ئەویش ئەمەیە: هەواڵ شتێکە کە دەکرێ پشتەکەی ئاگاداری لێ چاپ بکرێ ! دەمەوێ لەم پێناسەکردنەدا کە لە شاڕەگی رۆژنامەنووسیی پیشەییەوە سەری هەڵداوە و پێناسەیەکە وا لانیکەم مزگێنی نووسرانی بەرگەی موچەی پێیە، بگەمە ئەو ئەنجامە: هەرچەندی وشەکانتان لە هەواڵنووسیدا زۆر بێت، جێگەی تۆمارکردنی ئاگادارییەکانتان کەمتردەبێتەوە. هەڵبەت مەبەستی من لێرەدا تێکنەدانی کەشی پێشبڕکێی نێوان هەواڵ و ئاگادارییە، نەك خۆسپاردن بە ئاگادارییەکان.

کەواتە هەروەك دەبینن زۆریی وشەکان لەکەشی نووسینەکەدا، پشووی ئاگادارییەکان سواردەکات. هەڵبەت دانی پێدا دەنێم ئەم جۆرە بێ پەردە ئاخاوتنانە، تاڵاوێکە وبۆهێندێك قوت ناچێ وئەم تاقمەش هەمان ئەوکەسانەن کە بژیویان لەرێگەی رۆژنامەنووسییەوە دابین نابێت.

### بێجگە لە ئاگادارییەکان

بەڵام بۆئەوەی گومان هەڵتان نەگرێ کە تەنیا لەم بوارەدا کورت نووسینی هەواڵ گرنگە، ئاماژە بەلایەنێکی تریشی دەکەین وئەو لایەنەش ئەوەیە کە خێرایی، بنەمای کاری رۆژنامە نووسی پێکدێنێ. بێجگە لەخێرایی، بابەتی جۆراوجۆریی زانیارییەکانیش لەئارادا هەیە. خێرایی، گرفتی رۆژانەی رۆژنامەنووسانە. هەموو کارەکان دەبێ لە چەند ساعەتێکدا تەواو بێت لە کۆکردنەوەی هەواڵەوە بگرە، تاکوو داڕشتن، پیتچنی، چاپ وبڵاوکردنەوەیان. کەواتە زیادە نووسینی ئێوە دەتوانێ وەختگر بێت وسەرەرای ئەمەش، خەرجی پیتچنین بەرێتە سەرێ، چەندەش خراپە کە دوای ئەوەی پیتەکانتان چنی، لە هەواڵەکەتان هەڵپاچن.

جۆراجۆریی، پێویستیی خوێنەران وبەگشتی پێویستیی وەرگرانە. کاتێك هەواڵەکان بەکورتی بنووسین، هەم ئاستی خێرایی نووسینەکەمان دەچێتە سەرێ و هەم چونکە هەواڵەکان بەکورتی دەنووسرێن، لەجیاتی چەند هەواڵی درێژ، خاوەنی دەیان هەواڵی جۆراجۆر دەبین کە وەڵامێکی شیاو بە بەمەیلی جۆراوجۆر خوازی خوێنەردەداتەوە. کەواتە باهەوڵ بدەین بە کورت نووسینی هەواڵەکان، هەم هاوکارەکانمان لەبەشی ئاگادارییەکان ئازار نەدەین و هەم کاتی پیتچنەکانیش نەگرین. ئەمەش بەگوتنەکەمان زیاد بکەین کە بۆ خوێنەران بێجگە لەوەی نابێ کاتەکەیان بەبێ هۆ بەفیڕۆ بدەین، ئەرکی ئێمەشە مەیلی جۆراوجۆریی خوازییان دەستەبەربکەین.

## دروشمێك

ئێمە رەخنەیەکی زۆرمان لە رۆژنامەنووسیی رۆژئاوا هەیە، ئەو رەخنانەی کە لەوانەیە هێندێکیان مەنتیقی ولەجێدا بێت، بەڵام دەبێ خاڵێکیان لێوە فێربین و ئەویش، دروشمی«ماچکەوبڵێ»یە. ئەم دروشمە کە بۆخۆیان، بە kiss & Tell ناوی دەبەن، کورتکراوەی ئەم رستەیەیە: Keep It short and simple

کە بەواتای: «کورت وسادە بنووسە »هاتووە.

## بۆچوونێکی جۆرج ئۆروێل

لەبارەی سادە نووسین رێگەم بدەن لە زمانی «جۆرج ئۆروێل »ی نووسەرەوە، ئاماژە بەخاڵێك بکەم. ئۆروێل لە سەر شەش تەوەر پێی داگرتووە:

١/ چیمان دەوێ ؟
٢/کام لە وشەکان دەتوانن دەریبڕن ؟
٣/ چ وێنە یان زاروەیەك دەتوانێ باشتردەریبڕێت ؟



٤/ ئایا ئەم وێنەیە ئەوەند نوێیەکە کاریگەریی هەبێت ؟
٥/ ئایا دەتوانم سادەتر دەریبڕم ؟
٦/ ئایە ئەوەی پێشکەشمکردووە، لە یاسا لادانێکی وای تێدایە کە شیاوی لابردن بووبێت ؟

پێموایە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر نەبێت، تەنیا لەبارەی خاڵی چوارەم دەڵێم، زۆرجار ئەو وێنانەی کە بۆ گەیاندنی چەمکێك بەکاری دێنین پێویست ناکات حەتمەن نوێ بن. وێنەی کۆنەش بەکارنایەت ، پەندی پێشینیانیش هەر بەو جۆرەیە. گریمان بەکارهێنانی هێندێ وشەی وەك «ماشینی دووکوڵی » و «گالسکە» بۆ پێشینەبەخشین بە داڕشتنی هەواڵێك کە پەیوەندیی بە «میترۆ » وە هەبێت، دەتوانێ چارەسازبێت. بەڵام لە هەرحاڵدا هەروەك دەبینن راسپاردەکانی ئۆروێل، ئەم رۆماننووسە بەناوبانگە، هەموو لەسەر کورت نووسین وسادە نووسین وەك ئامرازی کاریگەر لە سەر وەرگر پێ دادەگرن. ئێمەی رۆژنامەنووسان کە رۆمان نانووسین، دەبێ زۆر لە ئۆرێل بە پارێزتربین. چونکە ئورویل وکەسانی وەکو ئەو ـ واتە زۆربەی رۆماننووسان ـ کارەکانیان لە سەر شاراوە نووسین، ئیهامخواستن وبەدرێژی نووسین دادەمەزرێنن، کەچی ئێمە دەبێ بە پێی ئاشکرایی، روونی، کورتی وپوختی هەنگاو بنێین.

**چەند نموونە:**

سەرنجێکی ئەم چەند نموونەیە بدەن. نموونە کورتکراوەکانی لای چەپ، نموونەی دەست پێوەگرتنی وشەکان وبەواتایەکی دیکە نموونەی ئابوورییانەی نووسینن:

بەو مەبەستەکە= تاکوو
لەحاڵی ئێستادا= ئێستا
سەرەرای ئەوەی کە= ئەگەرچی
بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتەکە= چونکە

## دەستپێوەگرتن

کورتی کەمەوە. دەبێ وەك کەسانێ کە دڵیان نایە پارە خەرج بکەن، لەبەکارهێنانی وشەکاندا رەزیل بین. دیسانیش دەیڵێمەوە بەکارهێنانی ئابوورییانەی وشەکان هیچ کات بەواتای قوربانی کردنی زانیارییەکان وزیان گەیاندن بە کەش و هەوای هەواڵەکە نییە. دەستپێوەگرتن بە وشەوە تەنیا پەیوەندیی بەهەواڵەکەوە نییە، بەڵکوو سەردێڕکانیش دەگرێتەوە. وشەی زیادە لە سەردێڕەکاندا زووخۆیان دەردەخەن، بەڵام لە هەواڵەکاندا داپۆشراوترن، سەرەرای ئەم داپۆشراوییەشیان، واباوە کە دەڵێن هەردەقێك لەدوای نووسینی، دەکرێ ٢٠ لە سەدای کورت بکرێتەوە. بۆنموونە ئەم باسەی کەئێستا خەریکن دەیخوێننەوە !

هەڵبەت داهێنانی وشەی کورت ولێکدراو بۆ پارێزکردن لە زیادەنووسین و بۆگەیاندنی خێرایانەی واتا بەوەرگران کارێکی سووك و ساناش نییە، بەڵام دەبێ تاقی بکرێتەوە تا وێرای کورتکردنەوەی باسەکان بوارمان بۆخولقانی وشەی نوێش رەخساندبێت. بۆ کورتکردنەوەی چەمکەکان، دەکرێ لە دەستەواژە و پەندی باو یان لەناوی بەرنامەی ناسراوی تەلەڤزیۆنی وناوی کتێبە بەرچاوەکان سوود وەربگرین.

بەکورتی، خێرایی بنەمای کۆکردنەوە و نووسین و خوێندنەوەی هەواڵە. خوێنەرکاتێ سەرنجی بەرەو باسەکە دەکشێ کە کەم وکورتی تێدا نەبێت و سەرەکیترین عەیب، دوای لە نەبوونی پەیوەندییەکی مەنتیقیی لە زانیارییەکانی هەواڵەکەدا، زیادە نووسین و دووبارەکردنەوەیە. ئەو وشانەی کە هەواڵەکەتان پێکدێنن دەبێ وەك ئاوی رەوانی ناو روبارێك بەرێوەبن.

## ٥

## هەواڵی ئەلیکترۆنی

هەواڵی ئەلەکترۆنی بەو شێوەیە لە هەواڵنووسی دەگوترێ کە لە رادیۆ، تەلەفزیۆن و رایەڵەکانی دیکەی پەیوەندیدا بەکاردێت، داڕشتنی ئەم جۆرە هەواڵانە، لە رووی رۆنانی وشە، شێوەی بەکارهێنانی ناو، ناونیشان و گواستنەوەی گوتە لە زاری کەسانەوە لەگەڵ هەواڵنووسیی بۆ رۆژنامە جیاوازە.

بۆ نموونە رۆژنامە نووسێك کە بۆ راگەیەنەی چاپی کار دەکات، سەرەرای هەڵبژاردنی داڕشتنێکی شیاو بۆ نووسینی هەواڵەکە، شێوازێکی گونجاو(قوچەکی سەراوبن، مێژوویی و...)یش هەڵدەبژێرێ و سەرنجێکی تایبەتیش دەداتە شێواز (Style)، وەك خاڵبەندی، کێشانی هێڵ لە ژێر هێندێك لە وشەکان (بۆ ئەوەی پیتچن بە پۆینتی درشتر بیانچنێ) و دانانی هێماکانی گواستنەوەی گوتە (نقل قول) لە زاری کەسان و بەکارهێنانی پۆینتی ئیتالیك بە نیشانەی جەخت کردن لەم جۆرە نموونانەن.

ئەم کارە ئەوەندە گرنگە کە هەواڵدەریی ئاسۆشەیتێد پرێس(AP) شێوازی نامەی تایبەتی بۆ ئامادە کردووە و زۆربەی رۆژنامەکانی جیهانیش ئەو پێڕەوە بەکار دێنن تاکوو شێوەیەکی یەکدەست بۆرۆژنامەکانی خۆیان رەچاو بکەن. هەڵبەت رەچاو کردنی ئەم جۆرە شێوانە بۆ هەواڵی ئەلەکترۆنیش پێویستن بەڵام ئەم پێویستییە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ نێرەرێکدا واتا دەگەیەنێ، نەك لە پەیوەندی لەگەڵ کۆی وەرگراندا. ئێستا لە کۆرسە ئاکادیمییەکانی رۆژنامە نووسیی هاوچەرخدا وا باوەکە:



★ **هەفتەی یەکەم**، بۆ پێشەکییەك لە بارەی هەواڵنووسیی بۆ راگەیەنەکان تەرخان دەکەن، لەم یەك هەفتەیەدا، چەند باسێك لە بارەی هەواڵ چییە؟ [پێناسەکردنی هەواڵ]، دەفتەری نووسینەکانی پەیامنێر دیاردەی کات (dead line) و دوایین دەرفەتەکان، راگەیاندنی بابەتیانە، راستی و کۆکردنەوەی خێرای زانیاریی بنجیی لە هەواڵنووسیدا دەخرێتە بەر باس.

★ **هەفتەی دووەم**، تەرخان دەکرێت بۆ توخمەکانی هەواڵ، لید(lead) و شێوازی قوچەکی سەراو بن.

★ **هەفتەی سێیەم**، جۆرەکانی دیکەی لید و شێوازەکانی دیکەی داڕشتنی هەواڵ، واتە جۆرەکانی لید و سیما (feature) و تەنانەت هەواڵنووسی بۆ بەشی پەیوەندییەکانی دایرەکان و ریکلام و...دەخرێنە بەر باس.

★ **هەفتەی چوارەم**، بۆ باس لەبارەی کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری هەواڵ، وتوویێژ، و گواستنەوەی گوتەی کەسانی دیکە وهێنانی لە هەواڵدا و رێکخستنی زانیارییەکان و... تەرخان دەکرێ.

★ **هەفتەی پێنجەم، و شەشەم** تایبەتن بە کاری مەیدانی و پر اکتیکی.

★ **هەفتەی هفتەم**، تایبەتە بە هەواڵنووسین بۆ راگەیەنەی ئەلکترۆنی. لەم هەفتەیەدا چەند بابەتێکی وەك هەواڵنووسی بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن کورتە نووسی بۆ ئینتەرنێت و ئامادەکردنی باسی سنووردار بۆ لاپەڕەی ئینتەر نێت دەخرێنە روو.

هەر لەم هەفتەیەدا چەند باسێکی دەرەوەی پەیوەندی (hyper links) دەبنە بەرنامەی کار کردن تاکو رۆژنامەنووس شێوەی داڕشتنی هەواڵەکە لە ئینتەرنێتدا فێرببێت.
نووسینی دەرەوەی دەق (hyper text) و تێگەیشتن لەم دیاردە تایبەتەی ئینتەرنێتیش فێری پەیامنێر دەکرێت تاکوو چۆنێتیی دانانی باس و بابەتەکانی لەو لاپەڕانەدا کە بە (web) ناسرون بزانێ.

★ **هەفتەی هەشتەم**، تا کۆتایی هاتنی کۆرسەکە تایبەتە بە کاری مەیدانی.

خۆ خەریك کردن بە مەسەلە ئەلەکترۆنییەکانەوە چ لە چوارچێوەی نووسین بۆ رادیۆ و چ هەواڵی تەلەفزیۆنی بۆ ئینتەرنێت بێت، هەرکامەیان دەتوانن ببنە چەندین بەرگ کتێبی فێرکاریی، بەڵام بنەمای ئەم باسەی لە خوارەوە وەك وتارێك نووسراوە، لە سەر کورت نووسین دامەزراوە، هەوڵیشدەدرێ لەم نووسراوەیەدا ئاماژە بە هێندێك لایەنی پراکتیکی هەواڵنووسی بۆ راگەیەنە ئەلەکترۆنییەکان — تەنیا رادیۆ و تەلەفویۆن و کۆمپیتەرە ئینتەرنێتییەکان(usenets) — بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە وەرگرانی من لەم وتارەدا ئەو کەسانەن کە دیاردەی هەواڵ دەناسن، هەر بۆیە لە زۆرگوتن لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە بنەماکانی هەواڵنووسین خۆدەپارێزم.

## یاسا جیهانییەکان

هەواڵی ئەلەکترۆنی ئەگەر کورت بێت گرانبەهایە، چونکە ئەو ماوەیەی راگەیاندنی ئەلەکترۆنی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتێك تەرخانی دەکەن، بۆیان گران تەواو دەبێت، بێجگە لە مەسەلەی کات، گوێزانەوە و جێگۆڕکێ پێکردنیش لە ئارادایە، بۆنموونە دەستەیەکی پەیام نێران لە بەرچاو بگرن کە دەبێ بە کامێرا و پرۆژۆکتۆر و.. وەرێکەون بۆئەوەی هەواڵێك لە شوێنێکی شاردا ئامادە بکەن و بگەڕێنەوە ستۆدیۆ و کاری ئامادەکردن و پەخشی هەواڵەکە دەست پێبکەن. پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی لە هەموان باشتر دەزانن کە هەواڵ، بەنرخترین ژانری تەلەفزیۆنە و وەرگێڕانی دەقی هەواڵی هەواڵدەرییەکان بۆیە دژوارە، چونکە هەڵەچنەکانیان ئەوەندی بۆیان بکرێ خۆ لە بەکارهێنانی وشەی زیادی و هێماکانی نووسینی زیادە دەپارێزن. بۆ ئەوەی کاتی گەیاندنی هەواڵەکە، کورتتر و نرخەکەشی هەرزان راوەستێ.



هەواڵی ئەلکترۆنی بە خێرایی و بە سووکی بە بەر چاو و گوێدا تێدەپەڕێ، بە پێچەوانەی هەواڵی نووسراو چەسپاو ونەگۆڕ نییە، واتە ناکرێ سەرلە نوێ دێڕ بە دێڕ و پارگراف بە پاراگراف بگەڕێندرێتەوە و دەستپێبکرێتەوە، لە رووی زمانییەوە تا رادەیەك لە ئاخاوتن نزیك دەبێتەوە و ئەمەش بەو واتایەیە کە لە هەواڵی ئەلەکترۆنیدا، نابێ "قسەی قەڵەمی "بکەین، بەهەڵکەوت ئەگر بێتو لە پەیوەندییە نێوان کەسییەکاندا کەسێکیان لەجیاتی "زمانی ئاخاوتن "زمانی فەرمی و ئەدەبی بەکار بێنێ، بەرانبەرەکەی، خێرا لێی وەدەنگ دێ کە بۆچی "فەرمی" دەدوێ ؟! کەواتە ئەم زمان نەرمیی و نزیکبوونەوە رێژەییانە لە زمانی ئاخاوتن یەکێکە لە پێویستییەکانی هەواڵنووسیی ئەلکترۆنی.

لە خوێندنگەکانی رۆژنامەنووسی جیهانیدا بە فێربووان دەڵێن فۆرمۆلی ئێمە لەنووسیندا (s+v+o)یە و ئەمە فۆرمۆلی نووسینی رستەیە، [بکەر(subject)+ کار(verb)+ بەرکار(object)].

ئەوان بە قوتابییەکانیان دەڵێن ئەگەر بڕیارە هەواڵ بۆ راگەیەنە ئەلەکترۆنییەکان ئامادە بکەن، دەتوانن هێندێك جار توخمەکانی ئەم فۆرمۆلە بگۆڕن و بەم جۆرە دایبڕێژنەوە (s+o+v).

بەداخەوە رۆژنامەنووسانی ئێمە ئەم گۆڕانانە رەچاو ناکەن و لە نێوان هەواڵنووسی بۆ رۆژنامە چاپییەکان و رۆژنامە ئەلەکترۆنییەکان لە بواری نەرمیی سینتاکسیدا هیچ جیاوازییەك دانانێن.

زۆرجار دیتوومە کاتێك هێندێك لە برادەران هەواڵی رادیۆ فارسییە بیانییەکان کە بە مانیتۆڕ نووسراونەتەوە دەخوێننەوە، رەخنەیان لێگرتوون کە بۆچی ئەم رادیۆیانە (کار)لە کۆتایی رستەدا بەکار ناهێنن، ئەوان ئەم تەکنیکە کە بە قەست لە لایەن ئەم رادیۆیانەوە بەکار دێت بە خاڵی لاوازی ئەم رادیۆیانە

دادەنێن، کەچی بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە راستە، کەواتە لە بیر نەکەین چونکە بیستن لە خوێندنەوە ئاسانترە، دەبێ جۆرێك بنووسین کە قسە دەکەین، نە بە تەواوی ملکەچی رێزمانی نووسین بین و نە تەسلیمی ئاخاوتنێکی تۆخ، هەواڵی ئەلکترۆنی دەخوازێ لە ئاخاوتن نزیك بینەوە.

## هەواڵنووسی بۆ رادیۆ

شوێن و کات لە هەواڵی رادیۆییدا شوێنی رووداو (Where) و کاتی روودانەکەی (Time)، زۆر گرنگن و هەردووك دەبێ یەکسەر(Immediacy) پێشکەش بکرێن تاکوو بەردەنگ لە شوێن و کاتی رووداوەکە دانەبڕێ.

دەست پێکردنی هەواڵی رادیۆ وەك شێوازی قوچەکی سەراوبن وایە، بەڵام پێویست ناکات کۆتاییەکەشی هەر بەو شێوازە بێت، توخمی کات بەتایبەت مولکی هەواڵی رادیۆییە، نابێ راگوزاریانە لەم توخمە تێپەڕین، لە نووسینی هەواڵی رادیۆییدا سەرێتی دەدرێ بە کاتی ئێستا. بەڵام نابێ کاتی ئێستای تەواو(present perfect) لە بیر بکەین، بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە ئەم نموونەیە یارمەتیمان دەکات:

هەڵەیە: مانگرتنی کامیۆندارەکان بەردەوامە.

راست: کامیۆندارە مانگرتووەکان ئێستاش خەریکی بڕیاردانن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان.

راستتر: کامیۆندارە مانگرتووەکان هێشتا بڕیاریان نەداوە کەی دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

لە لیدی هەواڵی رادیۆییدا دەبێ خۆ لە کاتی رابردوو ببوێرین، وا باشترە لە وشەی وەك دوێنێ شەو و دوێنێکە خۆ بپارێزین.



ئەگەر هەواڵەکە هی ئەمڕۆیە، نابێ وشەی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی بەکار بێنین، بەڵکو دەبێ هێندێ دەستە وشەی وەك ئەمڕۆ نیوەڕۆ، ئەمڕۆ سەرلەبەیانی و ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ بەکار بێنین کە دەکرێ لە چەند سەعاتی جیاوازی هەواڵداندا بەکار بێن بۆ ئەوەی هەواڵەکە تەڕ و پاراو بنوێنێ.

## رستە و پاراگراف

دەبێ رستە و پاراگرافەکان لە هەواڵی رادیۆییدا لە رستە و پاراگرافەکانی هەواڵی نووسراو (مکتوب)کورتتر بن تاکوو بیسەر بەراحەتی بیان بیستێ.

## ژمارە

ئەگەر هەواڵێکمان لە بەر دەستدا بێت کە ژمارەی زۆری تێدا بێت، دەبێ ژمارە بنجییەکان لەبەر کەین و ژمارە وردەکان (ناپێویستەکان) وازلێ بێنین. بۆنموونە ئەگەر هەواڵەکەمان پەیوەندیی بە گوژمە(بودجە)وە هەیە، وێڕای وازلێ هێنانی ژمارە ناپێویستەکان دەبێ ژمارەکانی وا ماویشن گرد کەینەوە، بۆنموونە ژمارەی (٢٠١٨٩٧٤) بۆ "بڕی زیاتر لە دوو ملیۆن "بگۆڕین.

خاڵێکی دیکەی تۆمارکردنی ژمارە بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن نووسینی ژمارەکانە بە شێوەی رەقەم لە (١٢) هوە تاوەکو (٩٩٩).

خاڵێکی دیکەی گۆڕینی کەرتە (کسرە)کانە بە نووسین. واتە نەنووسین: $2/3$، بنووسین، دوو لە سێ و سەرەنجام هێندێکی دیکەی ژمارەکانیش دەکرێ بە پیت بنووسین: لەجیاتی "پەنجا لە سەدا دابەزی"، دەکرێ بگوترێ "نیوەیی بوو."

## گواستنەوەی گوتە

ئەگەر گوتە بە شێوەی راستەوخۆ بەکار بێنین دەبێ کورتی بکەینەوە. وا باشترە لە رادیۆدا، دەنگی گوتەبێژ راستەوخۆ لە نێوان هەواڵەکاندا بە گوێی گوێگران بگات.

لەم حاڵەتەدا بەردەنگ وا هەست دەکات شتێکی تایبەتی پێدراوە. ئەمکارە بەڵگەداریی هەواڵەکەش پتەوتر دەکات، کەواتە بەکارهێنانی دەنگ لە هەواڵی رادیۆییدا گرنگە و هەروەها بەکار هێنانی دەنگی سروشتیش بە هەمان شێوە. وێڕای ئەمانەش سەرچاوەی گواستنەوەکەش رادەگەیەنرێ..

**نموونەیەك:**

"دەبێ لەگەڵ میسر پەیوەندی دامەزرێنین" ئەمە گوتەی وەزیری دەرەوەیە و دەشڵێ: "ئەمە لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە".

دەبێ لەکاتی گواستنەوەی گوتەدا وریای وشەی "من" بین، نەکا بەردەنگ ئەم جێناوی یەکەم کەسی تاکە بگەڕێنێتەوە بۆ بێژەری هەواڵەکە، دیسانەوە ئەگەر گوتەبێژەکە کەسیەتییەکی گرنگ بێت دەبێ لە سەرەتای گواستنەوەی گوتەکەدا ناوی بهێنرێت.

## ناونیشان

لە بیر نکەین کە لە هەواڵە رادیۆییەکاندا، ناونیشان لە پێش ناودا دێت، وەك:
نەڵێین: حەمید حەمیدی، بانکدارێکی پایەبەرز بە سەرۆکی بانکی نیشتمانی هەڵبژێردرا.
بڵێین: بانکدارێکی پایەبەرز بەناوی حەمید حەمیدی بە سەرۆکی بانکی نیشتمانی هەڵبژێردرا.



بەو تەکنیکی پێشخستنی ناونیشان و دواخستنی ناوە، بیسەر بۆ بیستنی ناوەکە ئامادە دەکەین. تەنیا کاتێك ناو دەخەینە پێش ناونیشان کە زۆر بەناو بانگ بێت.
خاڵێکی دیکەی لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ناونیشانە دوور و درێژەکان کورت بکەینەوە:
نەڵێین: **محەمەد محەمەدی** نوێنەری تاران و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمان گوتی...
بڵێین نوێنەری تاران، **محەمەد محەمەدی** کە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانیشە گوتی...

## کورتکراوەکان

لە هەواڵی رادیۆییدا واباوە کە کورتکردنەوە (اختصار) بەکار نەیە و ناونیشانە سەرەکییەکە پێشکەش دەکرێ، مەگەر کاتێ کورتکردنەوەکە بەتەواوی ئاشکرا و باو بێت، وەك ئایدز کە کورتکراوەی ئەم دەستەواژەیەی خوارەوەیە:

Acquired Immune Deficiency syndrom بەواتای: (نەخۆشیی لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش) ە.

## وێنەسازی لە هەواڵی رادیۆییدا

لە هەواڵی رادیۆییدا، لەبەر ئەوەی لە وێنە بێ بەشین، بەکارهێنانی ئەو وشە و گوزارانەی کە وێنەیەکمان بیردەخەنەوە، زۆر چارەسازە، وەك:

باش: تیپی تۆپی پێی ئوستراليا لەبەرامبەر [تیپی ]ئێراندا دۆڕا.
باش تر: تیپی تۆپی پێی وڵاتی کانگۆرۆکان لە بەرامبەر [تیپی] ئێراندا دۆڕا.

تایبەتمەندییەکانی کاغەزی هەواڵە رادیۆییەکان:

١. کاغەزی A٤بەکار بێنین.

٢. کاغەزی هەواڵ دەبێ ناسك بێت (بۆ ئەوەی دەنگەکەی نەگا بە مایکرۆفۆن).

٣. دوو سانت و نیو لە هەردوو لای کاغەزەکە بەجێ بێڵین. (بۆ خۆش خوێندنەوەی)

٤. لە رەشکردنەوە خۆ بپارێزین(بۆ ئەوەی بێژەرەکە بە سانایی بیخوێنێتەوە)

٥. بۆ زاڵبوونی زیاتر بەسەر خوێندنەوەی هەواڵدا، سەرەتای پاراگرافەکان دەبێ بە قووڵدا چووبێ(واتە ٣ سانتی لە لای راستەوە بە سپێتی بە جێ بێڵین، نەك ٢/٥ سانتی).

٦. گۆشەی سەرەوەی کاغەزەکە بۆ ناونیشانی هەواڵەکە و خوارەوەش بۆ ناوی نووسەری هەواڵەکەیە.(بە مەبەستی راستکردنەوەی هەڵە گریمانەییەکان)

٧. ئەگەر هەواڵ دەچێتە لاپەڕەی دووەم بەنیشانەی (⟵) وێژەری هەواڵەکە رێبەری بکەین. ئەگەر هەواڵەکە لە هەمان لاپەڕەی یەکەمدا تەواو دەبێ نیشانەی کۆتایی هەواڵەکە بنووسین(≠).

## هەواڵنووسین بۆ تەلەفزیۆن

### کاتی هەواڵ:

هەواڵی تەلەفزیۆنی لە نێوان ٣٠ تا ٩٠ چرکە پێشکەش دەکرێت. لەم ماوەیەدا بەکارهێنانی دەنگ وەك هەواڵی رادیۆیی گرنگە.



بەداخەوە تەلەفزیۆنەکانی ئێمە وێڕای چوون بەدوای بابەتدا وێنەکەشیان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام زۆرجار لە بڵاوکردنەوەی دەنگەکەیان خۆ دەبوێرن. دیارە بەکارهێنانی دەنگ ئیمتیازێکی تەلەفزیۆنییە.

تەلەفزیۆنە ئینگلیزییەکان تا ئەوکاتەی حکومەتی ئینگلیز لە گەڵ پارتیزانەکانی لەشکری کۆماریخوازی ئیرلەندا، نەکەوتبوونە وتوویژ، وێنەی گوتەبێژانی لەشکری کۆماریخوازی ئیرلەندایان بڵاو دەدەکردەوە، بەڵام لە جیاتی بڵاوکردنەوەی دەنگیان ژێرنووس (Caption)یان بەکار دێنا.

بەهەرحاڵ، هەواڵی تەلەفزیۆنی بۆ راگرتنی بینەر بە دیار خۆیەوە تەنیا ٥ تا ٢٠ چرکەی کات هەیە.

### بەکارهێنانی وێنە

وێنە، بەڵگەی تەلەفزیۆنە و هەواڵە تەلەفزیۆنییەکانیش لەم رێسایە بەدەر نین.کەواتە کەسانێکی کەبۆتەلەفزیۆن هەواڵدەنووسن، دەبێ بۆ وێنە بنووسن.

لەتەلەفزیۆنیشدا وەك رادیۆ، هەواڵ دەبێ بە رستەی کورت دەست پێبکرێ تاکوو یەکسەر نۆرە بە دەنگ یان وێنە بگا.

### پاراوی زمان

هەواڵی تەلەفزیۆنیش وەك هەواڵی رادیۆ وێرای پێڕەوکردنی شێوازی قوچەکی سەراوبن دەبێ نووسینی رەوان و پاراویش رەچاو بکات.

سەرەڕای ئەمانە دەبێ زمانی هەواڵ لە تەلەفزیۆندا لە لایەنی فەرمانی(Imperative) بەرەولایەنی وەسفییانە (Descriptive) بچێ.

### هەوێنی کاریگەریی

هەواڵی تەلەفزیۆنی لەزۆرلایەنەوە لە هەواڵی چاپی کاریگەرترە چونکە لە هەواڵی تەلەفزیۆنیدا سێ هۆکار بەشدارن، نایەڵن تەنانەت ناتەواویی لە داڕشتن و ناوەرۆکی هەواڵیشدا تارادەیەك بێنە بەرچاو:

١. وێژەری هەواڵ، راوی (گێڕەرەوەی) ی هەواڵەکەیە نەك نووسەرەکەی (گێڕەرەوەی گوتاری راست).
٢. وێژەری هەواڵ لە ستۆدیۆیە (گەیاندنی مەشروعیەت).
٣. وێژەری هەواڵ رووبەرووی دژایەتی نابێتەوە(گەیاندنی راستی).

### هەواڵی زیندوو

تەلەفزیۆن کاتێ دەتوانێ بینەر بە دیار هەواڵەکانییەوە راگرێ کە بلاوکردنەوەی راستەوخۆی هەبێت کەواتە پێشکەشکردنی هەواڵ و بڕوای بەردەنگ لە مەیدانی پێشکەشکردنی راستەوخۆدا دەبێتە کێشەیەکی چارەسەرکراو و ئەم کارەش قورسایی هێزی هەواڵەکانی رایەڵە تەلەفزیۆنییەکانی وەك(CNN) پێکدەهێنێ. ئەم کارە لانی کەم بۆ رۆژنامەکان ناگونجێ.

ئەو وێژەرانەی کە لەسەر ئەم شاشە زیندووە هەواڵ رادەگەیەنن، ئاستی لێهاتووییان زۆر لەسەرێیە. ئاوڕدانەوە لەم ئەدەبە زارەکییەی هەواڵیش باسێکی سەربەخۆی دەوێت. بەتایبەت لە هەواڵەکانی CNN دا بینەر لەجیاتی دەق لەگەڵ سەردێڕی هەواڵدا بەرەو رووە، ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەیەکی تایبەتە و هەروەها ئەمەش کە چۆن CNN توخمی لەبەرچی (Why)هەواڵی کاڵ و کەم رەنگ پیشان دەدات.



### هەواڵنووسی بۆ یوزنێت

لە رایەڵە کۆمپیوتەرییەکاندا هۆکاری کات و خەرج دەورێکی ئەوتۆ نابینن. ئەمجۆرە هەواڵنووسییە ئەلەکترۆنییە وا بەسوود بووە کە ئێستا فەرهەنگێکی تایبەتی بۆ ئەم بازاڕە هاتۆتە ئاراوە. لە گرووپی هەواڵە ئنتەرنێتییەکاندا شێوازی هەواڵنووسی بەوجۆرەی خوارەوە پێناسە کراوە:

١. بۆ ئاستی خوێندەواریی خوێنەر نزمتر بنووسن، کەسی ئاسایی لە ئەمریکا ئاستی خوێندەواریی، پێنجی سەرەتاییە (١١ساڵانەکان). ئاستی خوێندەواریی ژماری کەسانی پسپۆڕ لە ئەمریکا ناوەنجییەکەی دەگاتەدیپلۆم(١٨ساڵانەکان).
٢. پاراگرافی کورت و بەتام بەکار بێنن. ئەمە بە واتای بە کورتی نووسینە. نەك بە رەمزی نووسین.
٣. بۆشایی (فەزا) لە دەقدا بەکار بێنن، ئەوبۆشاییەی بەسپێتی دەمێنێتەوە، بۆشاییەکی بەفیڕۆ چوو نییە و یارمەتی لایەنی روونیی و تێگەیشتن دەدات لە باسەکەدا. دێڕێك مەودا، تەنیا بایتێك بە بارستاییەکە زیاد دەکات، بەلام ئاستی روونی و تێگەیشتن لێی دەباتە سەرێ.
٤. لە هەڵبژاردنی وشەکاندا زۆر وردبین بن. وشەکان لەم گوتارە ئەلەکترۆنییەدا لە گوتارەکانی دیکە گرنگترن.
٥. وەرگران لەیەك کاتدا تەنیا هەفت باس تێدەگەن. ئەم بابەتانە لە پاراگرافەگانی خۆتاندا رەچاو بکەن.
٦. لە کورتکردنەوە و سووك کردنەکان خۆبپارێزن، ئەگەر کورتکراوەکانتان بەکار هێنا، دەبێ بەتەواوی شرۆڤەی بکەن.
٧. رستە بکەرنادیارەکان، نەرێنی و پرسیارییەکان، لە چاو کاتێکی زیاتریان بۆ تێگەیشتن پێدەوێ، لەوجۆرە رستانەخۆبپارێزن.
٨. هەوڵ بدەن هەڵە نەکەن. ئینتەرنیت رایەڵەیەکی جیهانییە، رەنگبێ کارمەندەکانتان، هاوسەر یان دراوسێکانتان هەڵەکان (Gaffes)تان لە بیرنەکەن.

# ٦

## رۆڵی ئینتەرنێت لە رۆژنامەنووسیدا

رێگەم بدەن باسەکە بە روونکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی ئینتەرنێتەوە دەست پێبکەم و تەنیا ئاماژە بە چەند رێکەوتی گرنگی مێژووی ئینتەرنێت دەکەم. یەکەمین رێکەوتی گرنگ ساڵی(١٩٦٩)یە کە لە راستیدا بەساڵی لەدایك بوونی ئینتەرنێت دادەنرێ. ئینتەرنێت سەرەتا بە (ئارپانت) ناوبرابوو. رایەڵەی (ئارپا) لەساڵی(١٩٦٩)دا، بوونی خۆی رادەگەیەنێت کە لە راستیدا رایەڵەی تایبەتی زانیارییەکانی پێنتاگۆن (وەزارتی بەرگری ئەمریکا) بووە، هەڵسەنگاندنی ئەمریکییەکان لەو ساتەدا ئەوەبووە کە ئێمە لە مەترسیی هێرشی ناوکی رووسەکان داین و چونکە لەوانەیە بکەوینە بەر هێرش، دەبێ رایەڵەیەکمان هەبێت کە ئەگەر بەشێکی زیانی وێکەوت، بەشەکانی دیکەی خەسار نەبینن. ئەوکاتە ئارپانت بەچوارکۆمپیتەری پێکەوەبەند کەبەگشتی بەدەست بەرپرسانی باڵای سەربازییەوە بوون و زانیارییە پۆلین کراوەکانیان تێدا راگیرابوو، هاتە ئاراوە، کەواتە لەوانەیە ئەوبرادەرانەی بەو دیاردەیە کاردەکەن بزانن کە بۆچی هەرکات باسێك لەبارەی مێژووی ئینتەرنێت دەخوێننەوە، لەگەڵ رستەی ناسراوی «سیاسی رووسەکان دەکەین»بەرەوروو دەبنەوە. هۆی سپاسکردنەکە ئەوەبووە لەبەر ترسی هێرشی رووسەکان، ئەمریکییەکان سیستمێك بەناوی ئارپانت دادەرێژن ودواترگەورەتردەبێ ولە زانکۆ وناوەندە زانستییەکاندا بەکاردێت ولە دەیەی (١٩٨٠) دا، دەگاتە دۆخی ئێستای. کەواتە ساڵی (١٩٦٩)، لەو رووەوە گرنگە کە لەراستیدا ساڵی لەدایکبوونی ئینتەرنێتە. هێندێ کەس پێیان وایە کە ئینتەرنێت رۆڵەی زۆڵی شەڕیساردە. واتە شەڕی سارد نەبوایە ئەم بیژووە ئاژاوەچیە پڕ رازو رەمزە لەدایك نەدەبوو.



رێکەوتێکی دیکە کەلەم بوارەدا گرنگە، ساڵی (١٩٧٢)ە، لەو ساڵەدا بوون بەخاوەنی (E. Mail). ئەو پۆستە ئەلکترونییەی کەئێستا لە هەمووجێیەك برەوی هەیە.

مێژوویەکی دیکە ساڵی (١٩٨٩)یە کە لە پێناسەکاندا ئەو ساڵە بەساڵی مۆدێرنیتەی ئینتەرنێت ناوی دەرکردووە. ئەگەرلە لێکۆڵینەوەکانماندا بەتەواوی لەم سێ ساڵە تێبگەین دەکرێ بگوتری وێنەیەکی رووناکتری ئینتەرنێتمان دەست دەکەوێ.

ساڵی مودێرنیتەی ئینتەرنێت ساڵێکە کە ئینتەرنێت بە دیاردەیەك بەناوی «دەرەوەی دەق» Hypertext تەیار دەبێت. واتە لە قۆناغی «دەق» Text وە کە ئێستاکەش گیرۆدەیین، دەپەڕێتەوە قۆناغی دەرەوەی دەقەوە. خواوەندی ئەم مۆدێرنیتەیە ئێستاکەش زیندووە. بەڕێز«تیمبرنرزلی»وەك ئەندازیاری مودێرنیتەی ئینتەرنێت دەناسرێ. ئەو دیاردەی دەرەوەی دەقی، پێشکەشی جیهانی ئینتەرنێتی کرد.

ئێستا ئاماژە بە چەند سیمای ئینتەرنێت دەکەم ودواتر دەچمە سەرباسی رۆژنامەنووسی. ئەگەرلە سەرەتادا بتهەوێ وێنەیەکی ئینتەرنێتت لەدەستدا بێ، لە هەموو شوێنێکی جیهان لەدەقە سەرەکییەکاندا، ئینتەرنێت لە پێنج سیما دا پێناسە دەکەن.

یەکێ لەم سیمایانە «داڕشتنی خوارەوە بۆ سەرەوە»ی ئینتەرنێتە. رۆژنامەکان داڕشتنەکەیان «لە سەرەوە بۆخوارەوە»یە، ئەگەر لە رووەدا نەمێنین دەبێ قبوولی بکەین کە پێکهاتەی رۆژنامەکانی ئێمە وەکو پێکهاتەی رێکخراوی نەتەوەکانە، واتە ئەنجوومەنێکی ئاسایشی هەیە کە مافی ڤیتۆی هەیە وئەوەش ئەوشتەیە کە ئێمە بەناوی دەستەی سەرنووسەران دەیناسین. ئەم پێکهاتە ئەستوونییە. لە

سەرەوە بۆخوارەوەیە، بەڵام پێکهاتەی ئینتەرنێت لە خوارەوە بۆسەرەوەیە، ئینتەرنێت لە ژوورەکەی ئێمەوەدەست پێدەکات، واتە هەرئەوەندە بەسە کە تەلەفۆنەکەمان بەئینتەرنێتەکەوە ببەستینەوە ودواتر لەگەڵ رایەڵەدا پەیوەندی بکەین، شەپۆلێك لە هێڵ، وێنە و دەنگ چاوەڕوانمانە. لەو ساتەدا هەموومان سەرنووسەرین، چونکە دەتوانین باسەکان بگۆڕین، دەرفەتی هەڵەچنیمان هەیە و لەهەمان کاتدا پەیامنێرێشین، چونکە دەتوانێن هەواڵ بدەین. ئەمە چەمکی پێکهاتەی خوارەوە بۆ سەرەوەیە، بە واتایەکی دیکە، دیموکراتی ترین سیمای ئینتەرنێت هەر ئەم پێکهاتەیە.

سیمای دووەمی ئینتەرنێت وا پێتانی دەناسێنم رەوتی ئاسۆیی ئینتەرنێتە. ئینتەرنێت رێکخراوەیەکی هەموار و رایەڵەیەکی رێك وسافە، پێکهاتەی پلەبەپلەی نییە " گەشەکردنی ئاسۆییانەشی بە شێوەیەکە، هەرکەسێك بە کڕینی ناوێکی ئامرازیی دەبێتە ئەندامی ئەو سیستمە، وای دابنێن ئێستاخاوەنیPassword (وشەی چوونە ژوورەوە)بن، خەریکن خزمەت دەکەن بەگەشەکردنی ئاسۆییانەی ئینتەرنێت، واتە ئەڵقەیەك بەو ئەڵقەپێکەوە تەنراوەی بە WWW ناودەبرێ زیاد دەکەن.WWW هەمان رایەڵەی جاڵجاڵۆکە یان تەونی جاڵجاڵۆکەی پێ دەڵێن کە بە تۆڕی ماڵپەڕیش وەرگێڕدراوە وبەشێوەیەکی ئاسۆیی لەهەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.

سیمای سێیەمی ئینتەرنێت دەرەوەی دەقە. دەتوانم دەرەوەی دەق بەو جۆرە شروڤە بکەم، بۆنموونە ئەگەر بتانهەوێ لە ئەرشیفی رۆژنامەیەکدا کە لەوانەیە دیجیتاڵ نەبێت، لە فایلێکی وەکو شەڕی ئەفغانستان بکۆڵنەوە، ئەوفایلەتان دەدەنێ وا هەواڵی پەیوەندیداربە ئەفغانستان ببینن، دەبێ هەواڵی پەیوەندیدار بە ئەمریکا لە فایلێکی دیکەدا تاوتووێ بکەن و ناتوانن هاوکات وپێکەوەلە هەردووفایلەکە بکۆڵنەوە.



واتە ئێوە لەگەڵ دەقی سەربەخۆ و پێکەوە نەلکاودا رووبەڕوون، بەڵام لە دەرەوەی دەقدا، دەقەکان پێکەوەپەیوەند دەبن. بەملیۆن بەڵگە ودیکۆمێنت لە ئینتەرنێتدا لە بارەی رۆژنامەنووسی وئینتەرنێت لە ئاراداهەیە کە رەنگبێ دەروازەی یەکەم، هۆنگ کۆنگ ودەروازەی دووهەم لە سیدنی بێت، بەڵام ئینتەرنێت تەواوی ئەو دەروازانەتان بۆدەخاتە سەرپشت. دەرەوەی دەق، لەساڵی (١٩٨٩)دا، لەدایکبوو، دەقی پێکەوەلکاو و پەیوەستە و بەقۆناغی سەرەتای مۆدێرنیتەی ئینتەرنێت ناسراوە. واتە ئەگەرپەنجە لەسەر وشەیەك دانێن (کلیك بکەن)، وێڕای ئەم تەکنیکە، لەهەمان ساتدا دەچنە ناو ئەدەبی جیهانیی ئەو وشەیەوە وئەمەش رووداوێکی مەزنە.

سیمایەکی دیکە وچوارەمین تایبەتیی کە لە ئینتەرنێتدا لەگەڵی بەرەوروون، شارەزاییە، ئینتەرنێت نەتەنیا شارەزایی تایبەت بەخۆی دەوێ بەڵکوو شارەزاییەکانی تریش دەگۆڕێ، واتە کاریگەرییەکانی تەنیا نایەتەسەر شارەزایی رۆژنامەنووسی، بەڵکوو هەموشت دەگۆڕێ.

ئێستا پەیامنێرەکان لەهەرشوێنێکی جیهاندا بن هەواڵەکەیان بەسانایی لەم رێگەیەوە دەنێرنەوە بۆ ژووری هەواڵ وئیتر پێویستییان بە فاکس و سەرلەنوێ چنینەوەی باسەکانیان وهەزارویەك چەرمەسەرێ نییە، و ئەمەش یەکێکە لەو گۆڕینی پێکهاتە وشارەزاییانەی کە عەرزمکردن، هەڵبەت تەنیا رۆژنامەنووسیش ناگرێتەوە، ئێستا باسێك لەجیهان لە ئاراداهەیە کەپێی دەگوترێ: «کار لە ریێ دوورەوە» واتە ئەگەر رۆژنامەنووسێك بتوانێ لەماڵەکەی خۆیەوە پەیوەندی بکا بە سایتی رۆژنامەیەکەوە دەتوانێ کارەکانی بەباشی بکات وبینێرێتەوە وپێویست ناکات بچێتە دایرەکەی. دەتوانن لەماڵێوە فیلمی سینەمایی چاولێبکەن و لە دووکان شت بکڕن.

لەبارەی پێکهاتەی شارەزاییەکان، بەگشتی دەکرێ ئەمە بڵێم کە ئێمە بەشێوەیەکی باو و تەقلیدی دەمانگوت کە بەرۆکشینەکان، کرێکارەکانن و

بەرۆکسپییەکان کارمەند وهێزی هزرین، بەڵام ئێستا بە هاتنە مەیدانی ئینتەرنێت باسی بەرۆکزێڕینەکان لەئارادایە. بەرۆکزێڕینەکان ئەوهێزەی کارن کە شارەزاییاکانییان جوگرافیا ناناسێ، لە ناو ماڵی خۆیاندا شارەزاییەکانیان دەگەیەننە جیهان. لەزوودا دەیانگوت شار ئەگەرلەسەر شارێیەکدا هەڵبکەوێ شارێکی زیندوو دەبێ وئەو شارانەی کە لە شارێیەکان دوورن، بەشاری مردوو دادەنرێن. بەڵام ئەمڕۆ دیاردەی بەرۆك زێڕینەکان هێندە گرنگ بووە کەدەڵێن ئەوشارانە بەشاری مردوو دادەنرێن کە لە سەر شارێیەکانی زانیارییدا هەڵنەکەوتبێتن.

پرۆژەی ئەمریکییەکان کە ئالگۆر، سەرۆکی بوو، پرۆژەی ژێربینایی زانیاریی گەیاندنی نەتەوەییە، واتە ئەلگۆر، دەیویست پلانەکەی ئایزنهاوەر بۆ بەدیهێنانی جادەیەکی ئەلکترۆنی بەرێوەبەرێ. کەواتە چەمکی بەرۆکزێڕینەکان شێوەیەکە لەوشێوانەی گۆڕانی شارەزاییەکان کە پێشکەشم کردن.

بەڵام سیمای پێنجەم کە لەبارەی ئینتەرنێتەوە دەیخەمەڕوو، سیمای بازرگانی ئینتەرنێتییە کە بەبازرگانی ئەلکترۆنی ناسراوە و وشەی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

یەکێ لەوانە بازرگانی (بیزنێس) لەگەڵ بازرگانیدایە، کە بە کورتی پێی دەڵێن B۲B یا بازرگان لەگەڵ بازرگان. واتە ئەم دووە پێکەوە پەیوەنددەدا. ئەرکێکی تری B۲C یە واتە پەیوەندیی بیزنێس لەگەڵ کڕیار و رووی سێیەمیشی C۲Cیە واتە پەیوەندیی کڕیار بە کڕیارەوە.

بەڵام لەبارەی باسی سەرەکی رۆژنامەنووسی ئینتەرنێتییەوە دەکرێ بڵێم، دەبێ سیمینارێك بەو ناونیشانە دابنێین کە رۆژنامەنووسیی ئینتەرنێتی چی نییە! واتە ئەم دوو دیاردەیە ئەوەندە پێکەوەبەندن کە ئەمڕۆکە رۆژنامەنووسی لەدڵی



ئینتەرنێتدا واتای هەیە و لە یەك رستەدا دەکرێ ئەوە بڵێم کە ئینتەرنێت هەمان ژووری هەواڵی پێشووی رۆژنامەیە. ئەمەکە رۆژنامەیەك بڵێ بە تێلێکس وفاکس بەرێوە دەچێ وئینتەرنێتیش بەکاردێنێ، بەو واتایەنییە کە ئەم رۆژنامەیە ئینتەرنێتییە. ئەوەی کە لەجیهانی ئەمڕۆدا لە رۆژنامە نووسیی ئینتەرنێتیدا لە ئارادایە، ئەوە نییە کە دەتوانین چی لە ئینتەرنێت وەربگرین. بەڵکوو هەمووباسەکان لەگەڵ ئاکامەکانی ئینتەرنێتدا لە پەیوەندیدان. چونکە ئەوانە بەگۆشت وپێستەوە چوونەتە نێو ئەم دیاردەیەوە. خاڵێکی دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە یەکێ لەجیاوازییەکانی رۆژنامەنووسیِی باو(تەقلیدی) لەگەڵ رۆژنامەنووسیی ئینتەرنێتی یەکلایەنەبوونی رۆژنامەنووسیی باوە. هەرئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کاتێ ئەزموونی هونەریمان لە بواری رۆژنامەنووسیی باودا دەچێتە سەرێ، لێی دووردەکەوینەوە چونکە بەکردەوە هەست پێدەکەین کەش وهەواکە زۆر دیموکراتییانە نییە، چونکە لەبواری رۆنانیشەوە پلیکانییە. لە رۆژنامەنووسیی باودا سەرنووسەری بەشێکی رۆژنامەکە جۆرێك چاو لە بابەتێك دەکات ودەستەی سەرنووسەرانیش جۆرێکی دیکە، واتە لەرۆژنامەنووسیی باودا دەستەی نووسەران بەرانبەر بە بەهاکانی هەواڵ وەفادارن، بەڵام سەرنووسەر بەشێوەیەکی دیکە دەڕوانێتە بابەتەکە، واتە هەرچەندی بەرەو لوتکەی رۆژنامەکان بڕۆین، ئیدی کێشەکانیان بەهاکانی هەواڵ نییە، واتە دەستەی سەرنووسەریی بەو شێویە دەڕوانێ کەئاخۆ ئەوهەواڵەی چاپی دەکەین بەرژەوەندیی ئێمەی تێدایە یان نا، بەڵام لە رۆژنامەنووسیی ئینتەرنێتی دا کە هەرلە بنەڕەتدا شۆرشی کاردانەوەی هزری کەمینەیە، ئەوهزرەی لەوانەیە لەئاستی کۆمەڵایەتیدا کاردانەوەی نەبێ، لە ئینتەرنێتدا کاردانەوەی دەبێت. واتە لەراستیدا ئەو شتانەی لە رۆژنامەنووسیی باودا دەرفەتی دەرکەوتنیان نابێ لە ئینتەرنێتدا دەردەکەونەوە، لەبەرئەمە ئێستا ئینتەرنێت وەك راگەیەنەیەکی پۆست مودێرن دەناسرێ. خاڵێکی جیاوازی دیکە ئەوەیەکە دەڵێن: رۆژنامەنووسیی باو مۆدێلی گواستنەوەی پەیوەندییەکان پێڕەو دەکات. لەمودێلی گواستنەوەدا وابیر دەکرێتەوە رۆژنامە تەسمەیەکی گوازێنەری کارگەیە،

کە هەر بەرهەمێکی لە سەری بێت، وەرگرلە کۆتاییدا هەڵێدەگرێتەوە. بە واتایەکی دیکە مۆدێلی گواستنەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وەرگر بوونەوەرێکی بێ دەسەڵات ودەست وپێ بەستراوەی کۆتایی هێڵی بەرهەمهێنانەو ئێمە هەرچی بەرهەمی دێنین، ئەو بەکاری دێنێ. کەواتە رەوتی رۆژنامە بە رەوتێکی ئاسۆیی و یەکلایەنە سەیر دەکات. بەڵام لە شۆڕشی ئینتەرنێتیدا، دەق گرنگە نەك وەرگر و نێرەر و مودێلی پەیوەندی دەق تەوەرە، واتە هەموو بنجەکەی لەسەر نێرەر رۆنانێ، بەو واتەیە کە، من هەرچی گوتم وەرگر بەکاری دێنێ و هەرچی نووسیم وەریدەگرێ.

ئەگەر بمهەوێ زۆر روون بڵێم ئێمە چەند کۆڵەگەیەکمان لە بواری چاپەمەنییەوە هەیە کە نامە و تەلەفۆنەکانی وەرگران دەنوێننەوە، بەڵام ئەمە سەرنج راکێشە کە وەرگر ئەوجۆرە تەلەفۆنانە بۆ رۆژنامەیەك دەکا کە بەدڵێتی! و پەیوەندیی بە سەروتاریشەوە هەیە! ئەمە دەریدەخات کە دەیهەوێ ئەو یەکلایەنەبوونەی بشارێتەوە ودیموکراتییانە بوونی خۆی بنوێنێ، واتە بلێ دەنگی وەرگر لە راگەیەنەکەی مندا کاردانەوەی هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە دەنگی وا دێتەگوێ، بەڵام هاوکات! هەمووئەو کاردانەوانە لەگەڵ سەروتاری رۆژنامەکەدا لە پەیوەندیی دایە. لە رۆژنامەنووسیی سایبێر یان ئینتەرنێتدا بەهیچ جۆرێك ئەم کەش و هەوایە لە ئارادا نییە. بۆ نموونە: بەسەرهاتەکەی کلینتۆن وخاتوو لۆڤینسکی لە کۆشکی سپیدا هەمووشان لەبیرمانە، پەیامنێری ئەم هەواڵە دیپلۆمەیەك و قوتابییەکی دەرکراوی دواناوەندی بوو کە بە مودێمێك فەرتەنەیەکی هەواڵی لە جیهاندا نایەوە و ئەم هەواڵە سەرەتا لە ئنتەرنێتەوە سەری هەڵدا.

یان کۆبوونەوەکانی سیاتێلی ئەمریکی تەنیا لەبەر پەیوەندییەکانی جەماوەر لەگەڵ یەکتردا لەرێگەی سایتە ئینتەرنێتییەکانەوە، شکستی هێنا وئەم سایتانە بوون کە چوونە شەڕی WTO و لەبەر ئەوەیە کە لە ئینتەرنێتدا زانیارییەکان



بوونەتە گرانبەهاترین کاڵای دیموکراسییەت وئەم بابەتە واتایەکی دیکەشی هەیە: لە ئینتەرنێتدا دەرکەوانی (Gatekeeper) هەواڵ مردووە، کەچی لە رۆژنامە باوەکاندا دەرکەوانی هەواڵ زیندووە و رێگە بەچاپی هەواڵەکان نادرێ.

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە کە لە رۆژنامەنووسیی باودا شتێکمان هەیە بە ناوی«سیتی زێن»(Citizen) واتە هاوشاریی کە بۆخۆی پێشاندەری جوگرافیا وسنوورە. بەڵام لە رۆژنامە نووسیی سایبێردا ئیدی چەمکی هاوشاریی لە ئارادا نییە، بەڵکوو «هاوڕایەڵەیی »(Netizen)مان هەیە، واتە لە ئینتەرنێتدا جوگرافیا شوێنێکی نییە کە بمانهەوێ باسی هاوشاریی بکەین، شارێك لەئارادانییە کەباسی هاوشاریی بکەین، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵەیەکی بێ سنوور و بەربڵاوی سەرانسەری و پێکەوەلکاو بەرەورووین، هەربۆیە دەڵێن: ئیدی شارەکان ناوەندی ژیارنین و رایەڵەکانن کە بەناوەندی ژیار لەقەڵەم دەدرێن و واتاکەی دیکەی ئەوەیە کە لە رۆژنامەنووسیی ئینتەرنێتیدا کات و شوێن مردووە و لە ئارادا نەماوە، بەڵام لە رۆژنامەنووسیی چاپیدا ئەمانە هەن. هەر ئێستا ئەگەر باران یان بەفرێك بباریّ، ئێمە دەبێ چاوەڕوانی رۆرژنامە گەڕاوەکانمان بین.

لەپەنای چەمکی هاوڕایەڵەییدا دەکرێ ئەوەتان پێ بڵێم کەرۆژنامەنووسیی ئینتەرنێتی بۆتە مایەی بەدی هاتنی وڵاتانی سایبێریش. رەنگبێ لە سەرەتادا ئەم قسەیەتان لاسەیربێت، بەڵام وڵاتی ئینتەرنێتی لە ئاراداهەیە، ئێرانێك کە من وتۆ تێیدا دەژین وئێرانێکیش لەناو ئینتەرنێتدا هەیە....

بەڵام ئەگەر بمانهەوێ لەبارەی داهاتووی ئەم کەش وهەوایە چەند گریمانەیەك بخەینەروو وئەم بیرۆکەیە لای خۆمان دروست بکەین کەئیدی ناکرێ شارەزاییەکانی کارکردن بەئینتەرنێت فێربین، بەراشکاوی دەڵێم کە دەکرێ کۆرسی فێرکردن بۆ ماوەی کەم، تەنانەت ١٢ — ١٠ ساعەتەی ئینتەرنێت دابنرێ.

کۆمپیتەر بەهیچ جۆرێك ئەو دێوەزمەیە نییە کە بۆتە بیرۆکەی هێندێ کەس. بەداخەوە لە وڵاتەکەشماندا چەند کەسێکی ئەوتۆ هەن کە بەهەڵسوکەوتیان

دویانهەوێ ئەم بابەتە بۆخۆیان پاوان بکەن، واتە بە ئەدەبیاتێکەوە دێنەمەیدان کە ئەوانی دیکە بترسێنن و کار بەئینتەرنێت لە پاوانی خۆیاندا بێت.

بەلاّم من راستگۆیانە پێتان دەلێم" ئینتەرنێت و فێربوونەکەی هیچ ئەستەم نییە. چونکە یەکێ لە پرسیارەکانی ئەمرۆی جیهان ئەوەیە کە" کەی دەکرێ پێویستیمان بە ئینتەرنێت نەمێنێ؟ باسێکی کە لەم بوارەدا لە ئارادایە، ئەوەیەکە هێندێ لە پسپۆران پێیانوایە جیهانی ئەمرۆکە قۆناغی نووسینی تێپەڕاندووە و بێ شك منداڵان زۆربەی ئەم گرفتانەی ئەمرۆکەیان لەداهاتوودا نابێ. ئاسۆی داهاتوو، ئەم راستییەیە کە تەنیا پیر و پەککەوتەکان راگەیەنی کۆن بەکاردێنن و ئەم کەسانەش لەلایەکەوە خەریکن مەیدان چۆڵ دەکەن و لە لایەکی تریشەوە نەوەیەکی دیکە بەرێوەن کە زۆرلەگەڵ داب و نەریتی چاپی و نووسراودانین.

کەواتە لەبارەی کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت لەسەر کۆمەڵگا و زانستی ئەدەبی روانگەی جیاواز لە ئارادا هەیە، لە روانگەی زۆر گەشبینانەوە بگرە تاکو روانگەی زۆر رەشبینانە. لە تێڕوانینی رەشبینانەوە ئینتەرنێت، نوێترین سیمای پانکاپیتالیزمی نوێ لیبراڵە. واتە توندترین روانگە کە مارکسیستە نوێیەکان بەرانبەر بە کاروباری جیهان هەیانە و ئەو روانگەیە کە ئینتەرنێت مرۆڤ دەپووکێنێتەوە و هەموو کولتووره خۆجێیی و ناوچەییەکان لەناو دەبات. لەلایەکی دیکەیشەوە لە تێڕوانینێکی دیکەدا کە پێموایە مەنتیقی ترە، ئەم کەشوهەوایە هەم بە پڕدەرفەت دادەنێ و هەمیش پڕ لە مەترسی. واتە گرەوی بردنەوە و دۆڕاندنیش هەردووك لەم کەشوهەوایەدا لە ئارادا هەیە.

بەلاّم ئەم پرسیارەش بۆی هەیە سەرهەڵ بدات کە ئاخۆ ئێمە لەم کەشوهەوایەدا گۆتە، حافزو... مان دەبێتەوە ؟ کەڵکەڵەیەکە وا بە توندی لەئارادایە. یەکێ لەو پرسیارانەی لەجیهانیشدا بەرێوەیە ئەوەیەکە دۆزی رۆژنامەنووس، نووسەر وبلاّوکەرەوە، مافەکانیان لەجیهانی دیجیتاڵدا چۆن دەبێ؟



ئێوە دەتوانن تیۆرەکەی رۆلان بارت [مەرگی نووسەر] لە جیهانی واقعدا [بە چاوی خۆتان] ببینن. ئەگەر ئەم تیۆرییە بەو واتایە وەربگرین کە ئەو بەرهەمەی خولقاوە ئیدی هی خاوەنەکەی نییە، بەڵکو هی وەرگرە وبەوجۆرەی لێکدەداتەوە کە بۆخۆی دەیهەوێ و رەسەنایەتی هی دەقە، لە ئینتەرنێتدا ئەم کەشوهەوایە سەد هەزار قات دەبێ. ئێستا نووسەرانی ئینتەرنێت هەم تیراژیان لەسەرترە وهەمیش ناوبانگیان زیاترە و لە زۆربەی سایتەکاندا نووسەری زۆر گەنج دەنووسن. من پێموایە کە ئێمە ناگەینە ئەو بارودۆخەی ئیدی نووسەر و شاعیری مەزنمان نەبێت، بەلاّم بێ شك تا چەند ساڵی داهاتوو ئەم راگەیەنەیە ئەوەندە سەرنجراکێش دەبێت کە زۆربەی ئەو کەسانەی دەبنە قوربانیی ئینتەرنێت، دەبنە قوربانیی ئەم لایەنە سەرنجراکێشانە، واتە لە بیریان دەچێتەوە کە بەدوای چیدا چوون: ئێستا هێزی راکێشانی ئینتەرنێت ئەوەندە زۆرە، مرۆڤ هەڵدەلووشێ.

دڵنیا بن لە دەیەی داهاتوودا بلاّوکراوەی ئەلکترۆنی، بەهێزتر لە ئێستا پێش دەکەوێت. ئێستا لەجیهاندا پترلەیەك میلیارد ئامرازی پەیوەندیکردن بە بێ سیم لەئارادا هەیە و لە ئینتەرنێتدا ٢٥ هەزار سایت هەیەکە ٢ میلیارد لاپەڕەی لە خۆگرتووە. ئەم لاپەڕانە بەردەوام لە زۆربووندان. گومانمان نەبێت.

# ٧

## ڕۆژنامەنووسیی تەکنۆلۆژیک

تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیکردن تەنانەت لەڕاگەیەنە نوێیەکانیشدا بەردەوام خەریکی گۆڕینی سیمای ڕۆژنامەنووسییە. ئەم تەکنۆلۆژیانە خەریکی بە پەراوێزکردنی سیماکانی ڕۆژنامەنووسیی کۆن و ناساندنی ئاسۆ نوێیەکانن لە هەردوو پانتای ڕاگەیەنەی چاپی و ئەلکترۆنیدا.

تایبەتیی سەرەکی تەکنۆلۆژیای نوێ، دامەزراندنی پەیوەندییە بە پێی کاروکاردانەوەی بەرانبەرلە نێوان نێرەر و وەرگری پەیامدا، پاشەکەوتکردنی کاتێکی بەرچاو و هەرزانبوونێتی.

بە کورتی ڕۆژنامە نووسانی هاوچەرخ، ناچاربوون زمانی تازەی دەق، دەنگ و وێنە لە چوارچێوەی فۆرماتە (Formats)ە نوێیەکاندا بناسن، سەرەرای ئەمەش دەبێ لەگەڵ کێشەی بەربڵاوی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی وئەو ئەرکە نوێیانەی وا بەرێوەن لە پانتای ڕۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیشدا سەرهەڵبدەن، شارەزا بن.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئێستا لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا ئاشنابوون، مافی خۆیانە خۆیان لەسەر سەکۆی وەرگرتنی خەڵاتەکانی دیجیتالیزم بۆ ڕۆژنامەنووسی هەست پێبکەن. شێوازی دابەشکردنی بەرهەمی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە نیشانیداون کە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای مودێرنی پەیوەندیکردن ئەوانی لەگەڵ چەمکی «نەمانی جوگرافیا» شارەزاکردووە. ئێستا ئیتر بەفروباران، یان نەبوونی رایەڵەی بەهێزی دابەشکردن لە ڕێگەی زەوییەوەو دەیان کۆسپی ورد و



درشتی دیکە نابێتە مایەی ئەوەی کە پەیامی ئەم ڕۆژنامەنووسانە لە سەرزەوی بمێنێتەوە. ئەم رایەڵانەی کە پەیامی ڕۆژنامەنووسانی شارەزا بە دیجیتالیزم وەك ڕۆیشتنی ماسی لە ڕووبارەکاندا ڕێبەری دەکات، هەواڵی مەرگی مەوداو نەمانی جوگرافیای پێیە و ئەمە ڕاستییەکی مەزنە کە لەسەردەمی ڕۆژنامەنووسیی دیجیتاڵیدا لە ڕەوتی فایلە بچووکەکاندا بە چواران دەوری جیهانەوە خۆ دەنوێنێ.

ڕۆژنامەنووسیی ئێران هێشتا مەودایەکی زۆری لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا هەیە. تەنانەت دامەزراندنی سایت لە ئینتەرنێتدا کە ئێستا ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی بەدوایدا هەڵوەدان، ئێستاش مەنتیقی قۆناغی ڕۆژنامەنووسیی کۆن ڕەچاو دەکات، ئەوانە لەم ڕێگەیەوە تەنیا تیراژی ڕۆژنامەکانیان دەبەنە سەرێ کە ئەمەش ڕووداوێکی مەزنە، ەڵام مەنتیقی ڕۆژنامەنووسیی هاوچەرخ تەنیا بە واتای بەهێزکردنی دەنگی ڕاگەیەنەکە نییە و بەواتایەکی دیکە لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسیی نوێیەوە، ئینتەرنێت بڵیندگۆ یان ئامپلی فایرنییە، بەڵکو پردێکە. پردێکی جوت سایدیە، سایدێکیان هی ڕۆژنامەکە و ئەویتریان تایبەتە بە وەرگر.

ئەو پێداچوونەوانەی جاروبارە لە ئینتەرنێتدا کردوومە، بۆتە مایەی ئەوەی کە پێمخۆش یان ناخۆش بووبێ لەگەڵ هێندێ گۆڕانکاری خێرا لە هێندێ بواردا ڕووبەڕوو ببمەوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم: هەڵبەت من لەم بەشەدا بە گشتی تەنیا بەدوای ئەو گۆڕانکارییانە لە ئاستەکانی فێرکردنی ڕۆژنامەنووسی لە زانستگە و کۆلێژە تایبەتەکانی جیهانی ڕۆژنامەنووسیدا دەگەڕێم، واتە ئەو کارگەیانەی کە ڕۆژنامەنووس بەرهەم دێنن، ئەو کارگەیانەی بەرهەمی دوێنێکەیان لە بواری ڕۆژنامەنووسیی باودا بوو و بەرهەمی ئەمڕۆکەیان، هەرئەم ڕۆژنامەنووسانەی ئەمڕۆکە وداهاتوون: جیلی دیجیتاڵی ڕۆژنامەنووسی.

### ١/ ناسینی تەکنۆلۆژیای نوێی ڕاگەیاندن

زۆربەی ناوەندەکانی فێرکردنی ڕۆژنامەنووسیی تێبینی و کاریگەرییەکانی دەق، دەنگ و وێنەی دیجیتاڵ لەسەر ڕۆژنامەنووسی بەشێوەی تیۆری و لە ڕێگەی ئەو کتێبانەوە کە لەم بوارەدا نووسراوە وەك ڕاچڵەکانی داهاتوو، ١٩٨٤ و... بەوانە دەڵێنەوە. ئەمجۆرە فێرکردنە لەراستیدا سەرەتایەکە بۆ بەکارهێنانی کردارییانەی ئەم تەکنۆلۆژیانە.

### ٢/ پەیامنێریی مەجازی (Virtual Reporting)

ناوەندەکانی فێرکردنی ڕۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی هەوڵدەدەن فێربووەکانیان لە بواری ناردنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژدا لە ڕێگەی ئامرازی مۆدێرنی پەیوەندییەوە ئامادە بکەن. شێوەی بەفایلکردنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکان و فێرکردنی شێوازی گواستنەوەی ئەم فایلانە کە پێویستییان بە نەرمە ئامرازی (سۆفتویری) تایبەتە، لە بەرنامەی کاری ئەم ناوەندانە دایە و ئەم یەکانە بەگشتی لەژێر ناونیشانی پەیامنێریی مەجازیدا پۆلێن دەکرێن.

### ٣/ سەرچاوە ئەلکترۆنییەکانی گەیاندنی زانیاری (Online Information Resources)

ئێستا ئەرشیڤی ڕۆژنامە وەك تەنیا ڕێگەی زانیاری گەیاندن بۆ ڕۆژنامەنووس دانانرێ" ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا کاردەکەن دەبێ دەستە کلیلی بانکەکانی زانیاریی ئینتەرنێتیان لە بەردەستدا بێت.

هەر بۆیە، مۆتۆری بەدواداچوون (Search engines)ی نێو ئینتەرنێتیان پێدەناسێنن. ئەم مۆتۆڕانە دەتوانن ڕێنوێنی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ بەدەست هێنانی زانیارییەکان بن، ئەم موتۆڕانە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوو لە زیادبوونن و هەرکامە و شێوەی بەکارهێنانی تایبەت بەخۆیان هەیە. قوتابییان ڕۆژنامەنووسی، نەتەنیا لەگەڵ ئەو مۆتۆڕانەی بەدواداچوون، بەڵکو



جیاوازییەکانیشیان دەناسن. وێڕای ئەوەی کە شێوەی بەدواداچوون وەکو وانە دەگوترێتەوە. چونکە هێندێ لەم موتۆڕانەی بەدواداچوون، پێویستیان بە شێوەی تایبەتی بەکارهێنان هەیە.

سەرەڕای ئەم سایتە هەواڵییانە لە ئینتەرنێتدا، سایتەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆش بە قوتابییەکان دەناسێنرێ. شێوەی بەکارهێنانی پۆستی ئەلکترۆنی (E-mail) و ناسینی گروپە هەواڵییەکان (News Groups)یش دەبێتە پلانی کارکردن.

### ٤/ وێنە دیجیتاڵییەکان (Online Images)

لەم بەشەدا، چەند بابەتێکی وەك چەمکە سەرەتاییەکانی وێنەی دیجیتاڵ، فۆرماتی وێنەگەریی دیجیتاڵ و ستاندەرەکانی چڕکردنەوەی وێنە و هەروەها ڕێگەچارە تەکنۆلۆژییەکان لەم چوارچێوەیەدا وەکو وانە دەگوترێتەوە.

### ٥/ دانانی سایت (Bringing The Site Online)

هەر ڕۆژنامە نووسێك دەتوانێ تەنانەت سایتی تایبەت بەخۆشی لە ئینتەرنێتدا دامەزرێنێ. یان فتۆژورنالیستێك دەتوانێ لە سایتەکەیدا، وێنەکانی بۆفرۆشتن دابنێ.

لەم بوارەدا شێوەی بەکارهێنانی نەرمە ئامرازی تایبەت بۆ دانانی لاپەڕەی ژوورەوە (Home Page) وەك لاپەڕەی فرۆنت (Front page) فێردەکردرێ. پاشان نۆرە دەگاتە ئاشنابوون لەگەڵ پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایل (FTP). خراپ نییە ئەوەش بەبیربێنمەوە کە ئێستا ئەم باسەی دانانی سایت بۆ خۆی بۆتە لقێکی سەرەکی لە ڕۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیدا و ئەو خوێندکارانەی کە تەنانەت تا ئاستی دوکتۆرا لەم بوارەدا دەخوێنن، بەناونیشانی دیزاینەری لاپەڕەکانی وێب (Web page designer) بڕوانامە وەردەگرن.

**٦/ رادیۆ و ئینتەرنێت (Radio & Internet)**

رادیۆش وەك رۆژنامە کەوتۆتە بەر هەڵمەتی گۆڕانی خێرای تەکنۆلۆژیا، فێرکردنی چەمکە بنجییەکان لە بەدیجیتاڵی کردنی دەنگ، ڕێکوپێککردنی، چڕکردنەوە، تۆمارکردن و راگرتنی دیجیتاڵیی دەق لە سیدییەکاندا. دانانی دەنگ لە لاپەڕەکانی وێب، دابەشکردنی دەنگ لە ئاستی سایتی جۆراوجۆردا، بەکارهێنانی دەنگ بە شێوەی راستەوخۆ لە سایت و یان شێوەی وەرگرتنی دەنگ لە سایت (Down Load) و یان ناردنی دەنگ بۆ سایت (Upload) ئەو کۆمەڵە بابەتانەیە کە لەم بوارەدا دەگوترێتەوە.

**٧/ تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت (TV & Internet)**

رایەڵە تەلەڤزیۆنییەکان بە پەلە خەریکن هەرێمە ئینتەرنێتییەکان داگیر دەکەن. ئەوانەش وەك ناوەندە فێرکارییەکانی رۆژنامەنووسی بە پەروەردەکردنی کادرەوە خەریکن بۆ بەشداربوون لە گۆرەپانی ژورنالیزمی ئەلکترۆنیدا. ئەوانە هەر ئێستاکە لە هێندێ سایتی ناسراو و گەورەدا مەنزڵیان گرتووە و لە گرەوی ئەم کارەشدا، ئاگاداریی ئەو سایتانەی تێیاندا دامەزراون، بەلاش لە کاناڵە تەلەڤزیۆنییەکانیاندا بڵاودەکەنەوە.

فێرکردن لە بواری ڤیدیۆی داواکراو (VOD)، بەدواداچوونی ئەو بەرنامەی کە خەریکە بڵاو دەبێتەوە، تاوتوێکردنی تواناکانی لێکدانی تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت، فۆرماتە ڤیدیۆییەکان و ستاندەرەکانی چڕکردنەوە، ڤیدیۆی دیجیتاڵی و ئامادەکردنی کلیپ بۆ بڵاوکردنەوەی راستەوخۆ، نموونەی ئەو بابەتانەن کە لەم بوارەدا وەکو وانە دەگوترێنەوە.



**٨/ ژورنالیزمی راستەوخۆ (Online Jornalism)**

لە راستیدا ئەم دیاردەیە گشت ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بەدەستهێنان و دابەشکردنی زانیارییەکان لە ئینتەرنێتدا لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە دەڕەخسێنێ.

ناسینی کۆنفرانسە ئینتەرنێتییەکان و بەشداربوون تێیاندا، ناسینی لیستە پۆستییەکان (Mailing list) بەشداربوون لە بۆردەکانی پەیامدا ( Message boarding) و کۆبوونەوە رایەڵەییەکان (Net Meetings) و لە بەردەستدابوونی ژوورەکانی گفتوگۆ (Chat) و.... نموونەی جۆری فێرکردنن لەم بوارەدا.

**٩/ ئاسۆی دیکە**

تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندی پاوانکاریی رۆژنامەنووسان تێکدەشکێنێ، ئەوانەی گوێیان سووکە دەنگی ئەم هەرەسە دەبیستن.

واتایەکی تری ئەم قسەیە ئەویە کە پارسەنگی پەیوەندی لە رۆژنامەنووسیدا لەکۆڵی رۆژنامەنووسانەوە بەرەو وەرگران خل دەبێتەوە. دەکرێ لەم تێڕوانینەوە بگەینە ئاکامێکی دیکەش. تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندی ماهییەتی هەواڵەکانیش تووشی گۆڕان دەکەت.

**١٠/ گۆڕانی ماهییەتی هەواڵەکان**

تەکنۆلۆژیای نوێ ماهییەتی هەواڵەکان دەگۆڕن، چونکە ئەو دەرفەتەیان بۆ وەرگر رەخساندووە کە بۆخۆیان بچنە ئاسمانی زانیاریی گەیاندنەوە و هەواڵی نوێ بدەن و یان هەواڵەکان بەجۆرێکی دیکە بگێڕنەوە. نموونەیەکی بەرچاوی گێڕانەوەی هەواڵ لەچوارچێوە و چەمکی نوێدا و لەبەرانبەرکێ لەگەڵ گێڕانەوەی فەرمی رۆژنامەنووسەکاندا لە کۆبوونەوەکانی سیاتێلدا بینرا. ئەم کۆبوونەوانە لە

کاتێکدا هەرەسی هێنا کە هەموو رەوتی فەرمی راگەیاندنی ئەمریکی[٦] پشتیوانی ئەو کۆبوونەوانەبوون دامەزراوە مەدەنی و کەسەیاتیەکان لە رێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە ئینتەرنێتیان کردە ناوەندی هێرشکردنە سەر کۆبوونەوەکانی سیاتێل و شکستیان پێهێنا.

رەنگبێ بیرخستنەوەی ئەو خاڵەش سەرنجڕاکێش بێت کە هەواڵی رسوایی کلینتۆن سەرکۆماری ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەڵ مۆنیکا لوڤینسکی کارمەندی کۆشکی سپی بۆ یەکەمین جار لە ژانوییەی ١٩٩٨ لە سایتی «مەت دروج » ( Matt drudge)دا بڵاوکرایەوە ئاکامی ئەم هەواڵەش بوو بە مایەی لێپێچانەوەی سەرکۆماری ئەمریکا.

ئایا بە راستی دەکرێ ئامادەیی بە ملیۆن سایت بیری لێ بکرێتەوە و پاشانیش بەخەیاڵ خاویی بگوترێ کە بەو ملیۆن لاپەڕەی وێبە[٧] ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەك لە پێکهاتەی هەواڵەکاندا پێکبێنن؟ دەڵێن تا ساڵی ٢٠٠٧ جیهان خاوەنی پتر لە ٧٠٠ میلیۆن بەکارهێن دەبێ. لە بەرامبەر ئەم ژمارەیەدا، لەشکری رۆژنامەنووسان چەند ئەندامی هەیە؟

### ١١/ کاتی بێ کۆتایی

چاپ، دیلی کاتە و تیراژیش سنووردارە. ئامێری چاپ ناتوانێ پەیتاپەیتا چاپ بکا. رۆژنامەش دیلی کاتە و دەبێ بگاتە دوکان ولەبەر ئەویە کە قەڵەمی رۆژنامەنووسان هەرچەندی لە کاتژمێرەکانی دیزاین نزیکتر دەبنەوە، لە نێوان پەنجەکاندا هێدیتر هەڵدەسووڕێن.

لە رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنیدا لەبەر دەرفەت ئافرێنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن، کات بێ کۆتاییە، هەم بۆبەرهەمهێن و هەمیش بۆ خوێنەر و بەکارهێن، ناوەڕۆکی رۆژنامە و گۆڤاری ئەلکترۆنی e-zine بەردەوام لە حاڵی گۆڕان (Update) دایە، نەرۆژ دەناسێ و نەشەو، نەکاتژمێر و نەچرکەسات.



بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی ئێستا چەمکی رۆژانەبوونیشیان لەناوبردووە. رۆژنامەی دوێنێ، مانگی رابردوو و ساڵی رابردوو هەموویان لە ئەرشیڤی ئەلکترۆنیدا جێگەیان بۆ تەرخانکراوە تاکو بەکارهێنەرانی ئەنتێرنێت هەرکات بیانهەوێ بیانکەنەوە و لە باکگراوند و پێشگراوندی بابەتەکان ئاگاداربن.

بۆ سەلماندنی رۆژ پێویست بە لەنتەر ناکات. کات، ئەم دوژمنە کەلەڕەق و لاسارەی رۆژنامەنووسیی کۆن، ئێستا لەدەست رۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیدا بۆتە مێو.

### ١٢/شوێنی بێ کۆتایی

سنورداریێتی لاپەڕەکانی رۆژنامە بەردەوام کەڵەکەبوونی باسەکانی رۆژنامەی بەچاوی رۆژنامەنووسەکاندا داوەتەوە و هەموو رۆژێك دەیان هەواڵ دەنووسرێ، بەڵام دەرفەتی چاپیان پێ نادرێ، چونکە قەبارەی لاپەڕەکان کەمە.

لە جیهانی دیجیتاڵیدا، رۆژنامەنووسی نەتەنیا لەبەندی کاتدا، بەڵکو لەبەندی شوێنیشدا نەماوە و خەونی رۆژنامەنووسان لێرەدا بەدی هاتووە: هەرچی لەدڵتدایە بیڵێ.

تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیکردن بوونەتە مایەی ئەوەی کە عەمبارێکی هەراو بۆ راگرتنی هەواڵەکان دەستەبەر بکرێت، ئەم تەکنۆلۆژییانە بووتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنەرانیان شارەزای خۆبەشەپۆلی زانیاریی سپاردن ( Surfing / navigating) بن. ئەوان دەتوانن لەم ئۆقیانووسە بەرپانەی زانیارییەکاندا، ماسی بگرن و یان لەنێوان نێرینەکەیدا بەدوای گەنجدا بگەڕێن، هەر لە سەردێڕ (تیتر)ی هەواڵەکانەوە بیگرن تاشیکردنەوەی قووڵی رۆژنامەکان، هەمووی لەبەردەم وەرگران دایە، کەواتە ماوس (Mouse)ەکە دابگرە و خۆت بە ئۆقیانووسی زانیارییەکان بسپێرە. لێرەدا لە مۆسکۆوە تا واشنتۆن مەودایەك

لەئارادانییە، لەم جوگرافیە مەجازییەدا هیچ پێویست ناکات تۆ بە دوای هەواڵدا بچی، هەواڵ بەدوای تۆدا دێت و لێرەدا بە داگرتنی ماوسەکە، جیهان لە مــاوەی ١٠ چرکەدا دێتە ژوورەکەتەوە، لە ناودەســتەکانتدایە. لێــرە جیهــان بەئەنــدازەی «ماوس پاد » (Mouse pad)ی تۆیە.

ئەمە لە لایەك، بەڵام ئێمە ئێستاش کارمان بە نووسین هەیە، بۆچاپی ئەم وتــارە تەنگەتاوی جێگەین و بۆ ئەوەی کــە جێگــە بــە جێکردنــەوەی باســەکانی دیکــە تەنگ نەبێت، من دەخــزێم بــەرەو دێــڕە کۆتاییــەکان. رەنگبــێ دواتــر ناســینی دەنگــەکان (Vise Recognition)، وەرگێڕانــی کۆمپیتــەری ( Computer translation) و تەکنیکــە پێــشکەوتووەکانی بــەدوادا چــوون ( Advanced Searching) کە لــە رێگــەی زمــانی XML جێگــری داهــاتووی (HTML)وە بگونجێ، چەند باسێك بنووسین. ئەو باسانەی کە تێیدا دووپرسیاری زەق بەرانبــەر بەو فەرتەنەی گۆڕانە لە ئارادا هەیە:

**١/ رۆژنامەنووسی دوارۆژکێیە؟**

**٢/ ئەو شتانەی نابێ بگۆڕدرێن چین؟**

# ٨

## سايبێر ژورناليزم لە بەرامبەر رۆژنامەنووسيى كۆندا

سەرهەڵدانی شۆڕشی پەیوەندییە بۆتە هۆی ئەوە كە گوتاری بەرجەستەكردن لە كەس و دامەزراوەكانەوە وەك سەرچاوە بەرەو ئاستی وەرگران بێت. بە واتایەكی دیكە، دەوری كۆمپیتەرەكان لە رایەڵەكانی پەیوەندیكردندا بووەتە مایەی ئەوەی كە جەماوەر دەسەڵاتی پەیوەندیكردن لە راگەیەنەكان (دەركەوانان) وەربگرنەوە. ئەم كارە بەو واتایەیە كە دەسەڵاتی پەیوەندیكردن لە دۆخی «سنووداریێتییەوە بۆ بەربلاوێتی» (سەرچاوەیەك بۆ هەموو وەرگران) بۆ دۆخی «بەربلاوێتی بۆبەربلاوێتی» گوازراوەتەوە[٨].

بە وتەی هێنری بریترۆز[٩] تەكنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیكردن خەریكە دەسەڵات بە وەرگر دەبەخشێت. ئەم تەكنۆلۆژیایانە بوونەتە مایەی ئەوەیكە، وەرگران، چاوەدێرییەكی چالاكانەتریان بەسەر زانیارییەكاندا هەبێ و ئەم جێگۆڕكێیانە هەمان شۆڕشی پەیوەندییەكانە[١٠].

پرسیاری گرنگ لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە كە كاریگەریی تەكنۆلۆژیای پەیوەندی لەسەر رۆژنامەنووسی چییە؟ ئایا فێرگەكانی رۆژنامەنووسی (J-Schools) لە كەشوهەوای سایبێرئێسپێسدا[١١] بزر دەبێ ؟ داهاتووی رۆژنامەنووسی چی لێدێ؟

دیرك ئیسمایلی بۆچوونی كۆمەڵێ كاربەدەستی بواری پەیوەندییەكان لە وتارێكیدا[١٢] بەوجۆرە دەگێڕێتەوە:



مایك گۆدوین[١٣]ی نووسەری ئینگلیزی لەم بوارەدا دەڵێ: لە ئینگلیزی سەدەی هەژدەیەمدا كەسەكان مەشقی رۆژنامەنووسییان نەبوو، هەرهێندە بەس بوو كاری چاپ بكەن، دەبوونە بلاوكەرەوەش، بەڵام ئێستا دەسەڵاتی دەست پێڕاگەیشتن وتوانایی ئافراندنی ژورنالیزمی تاكەكەسیشان هەیە. پیتە بزۆزەكانی چاپ، جیهانی كردە جیهانی خوێنەران، تەكنۆلۆژیای كۆمپیتەر هەمووجیهانی كردووەتە رۆژنامەنووسانی بەشداریكەری چالاك.

لەلایەكی دیكەوە، پرۆفیسۆر جێمزكەری[١٤] لەخوێندنگەی رۆژنامەنووسی زانكۆی كلۆمبیا، دەڵێ لەبارەی واترگەیت وبەسەرهاتی لوڤێنیسكییەوە خەڵك پێیان وایە دامەزراوەكانی فرمانڕەوا لەئامریكا وەك كۆنگریس، دادگاكان، سەركۆماری وراگەیەنەكان ئەركەكانیان بەدروستی بەجێ ناهێنن. لەلایەكی دیكەشەوە دابەزینی ئاستی هەواڵە نێودەوڵەتییەكان و بەهێزبوونی كۆمپانییەكانی هەواڵدانیش جەماوەریان لەبارەی چارەنووس و داهاتووی رۆژنامەنووسی پەرۆش كردووە.

هەرلەم پێیوەندییەوە پیترشانكمەن[١٥]ی سەرنووسەری پێشووی سایتی بەناوبانگی ئینتەرنێتی AOL دەڵێ زۆربەی ئەوكەسانەی وەك شارەزای بواری ئینتەرنێت بە وون دەناسێنرێن، دەڵێن لاپەڕەی وێب دروست دەكەین یان سایت وەرێ دەخەین. كێشەكە ئەمە نییە، واتە بەس نییە بەڵكوو خاڵی سەرەكی ئەوەیە كە ئەوانە دەبێ بتوانن لەجیاوازییەكانی نێوان رۆژنامەنووسیی ئانلاین[١٦] و پێوەرەكانی راگەیەنەی چاپی تێبگەن.

وتەكانی جۆن لاكس[١٧] لەبارەی كۆمپانییەكانی دەڵاڵی (بازاریابی) كانادایی «گرێی كۆمیونیكەیشێنز»[١٨] یش جێگای سەرنجە. لەبارەی ئەم گۆڕانكارییانەوە دەڵێ ئەو شارەزاییانەی فێری خوێندكارانی رۆژنامەنووسی دەكرێ، پتر شارەزایی نووسینن، كەچی بوارە دیجیتاڵییەكان وەكو (Web)یەكسەر وەكو تەلەفزیۆنیان

لێدێت و خوێندنگەکانی رۆژنامەنووسی سەرنجیان نادەنێ وئەم بابەتانە لە ریزی فێرکردنەکانیاندا دانانێن. لە روانگەی جۆن لاکسەوە، رۆژنامەنووسی بۆوێب پێویستیی بەهێندێ فێرکردنی وەك توێژینەوە، سێناریۆ نووسین ودان وساندنی لە جۆری سی دی رام[۱۹] هەیە.

کۆریناجی موبیووس[۲۰] کە سەرنووسەری سایتێکی سەرکەوتووی ئینتەرنێتە[۲۱] لەم بارەیەوە دەڵێ خوێندکارانی رۆژنامەنووسی لە هونەری بەدوادا چوونی ئینتەرنێتدا زۆر لاوازن. سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانن زانیارییەکان لە شوێنی بەدواداچوونی ئینتەرنێتدا بەدەست بێنن، جیاوازییەکانی نووسین بۆ راگەیەنەی چاپ لەگەڵ نووسین بۆبواری وێبیش لەیەکتر جیاناکەنەوە.

## فێرکردن و ژورنالیزمی دوارۆژ

بۆگەیشتن بەوەڵامێکی تەواو بۆ ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ فێرگەکانی رۆژنامەنووسی لە کەشوهەوای سایبێرئیسپێسدا بزر دەبن یان نا؟ دەبێ سەرنجی بوارەفێرکارییەکانی ئەم پرسە بدرێ. ئایا فێرگەکانی رۆژنامەنووسی لە کەشوهەوای سایبێر بەجێ ماون ؟ ئایا بەراستی لەشکری دەرچووانی ژورنالیزم، شارەزایی پێویستیان بۆپەیوەندیکردن لەرێگەی سایبێرەوە هەیە ؟

لۆریلین بەیلی[۲۲] دامەزنێرەری سایتی ئینتەرنێتی سەرچاوەکانی راگەیاندن[۲۳] لەسەر ئەوباوەڕەیە کە لەجیاتی مادە بەناو رۆژنامەنووسییەکانی کۆمپیتەر[۲٤] دەبێ یەکە هەمیشەییەکان لە بواری ئینتەرنێتدا لە مادەکانی رۆژنامەنووسیدا جێ بخرێن. ئەو ئاماژە بەچەند بابەتێکی وەك گفتوگۆی ئینتەرنێتی، توێژینەوەی ئینتەرنێتی، دیاریکردنی دروستی زانیارییەکان، دۆزینەوەی بابەت وبەدەست هێنانی سەرچاوەی زانیاریگەیەنی ئینتەرنێتی دەکات.



هەرلەم بوارەدا، بۆچوونی ئەنجومەنی فەرمی وموعتەبەری فێرکردنی رۆژنامەنووسی وپەیوەندییە جەماوەرییەکانی ئەمریکا[۲۵] کە یەکەکان و شروڤەکردنی وانەکانی رۆژنامەنووسی وپەیوەندییەکان دیاری دەکات ورادەگەیەنێ، لەمبارەیەوە جێگای سەرنجە. ئەم ئەنجومەنە پێیوایە فێرکردنی ئێستا و لەراستیدا فێرکردنەکانی پەیوەندیدار بە شارەزایی رۆژنامەنووسی ناتوانێ وەڵامدەرەوەی شارەزایی پەیوەندیداربەراگەیەنەی نۆی بێت، وێڕای ئەوەی کە یەکەی پەیامنێری لەلایەن کۆمپیتەر[۲٦]یشەوە یەکەیەکی ئارەزوومەندانەیە.

بۆچوونەکانی جۆش شرۆتێر[۲۷] کارگێڕی پلان دانانی ستراتیژی لە ناوەندی راگەیەنەی نوێی زانکۆی کلۆمبیا[۲۸]ش لە بۆچوونی ئەوانی دیکە دەچێ، کاتێ کە دەڵێ ئەگەر دەمانهەوێ فێربووەکانمان لە سەدەی داهاتوودا رۆڵێکیان لەپیشەی رۆژنامەنووسیدا هەبێ، دەبێ شارەزایی نوێشیان لەبارەی راگەیەنەی نوێوە فێربکەین.

پێدەچێ خێرایی گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان لەبواری راگەیاندندا، هێندە روو لەزیادبوون بێت کە ئامانجە فێرکارییەکانی فێرگەکانی رۆژنامەنووسییان بەخێرایی جێ هیشتووە. بەواتایەکی دیکە، بەرنامە فێرکارییەکانی فێرگەی رۆژنامەنووسی تەنانەت لە ئەمریکاشدا کە پێشەنگی ژورنالیزمە، لە گۆڕانکاری تەکنۆلۆژی دواکەوتووە و بە پێی ئەوەی کە مەبەستی فێرگەکانی رۆژنامەنووسی، پەروەردەکردنی پسپۆڕە نەك ئاکادیمییەکان، ئەوان تووشی گرفتێکی گەورە هاتوون، چونکە پێویستییەکانی بوارە پیشەییەکان گۆڕاوە وهەربۆیەشە ئەم چەشنە خوێندکارانە بەکاری ئەم بوارانە نایەن.

### لایەنە چاکەکانی سایبێر ژورنالیزم

رووکردنە رۆژنامەنووسیی سایبێر وراگەیاندنی سایبێر[٢٩] حەز و مەیلێکی حاشاهەڵنەگرە وهۆی تایبەت بەخۆشی هەیە.

بەپێشوازەوە چوونی رۆژنامەی چاپی لە ئینتەرنێتیش شایەتحاڵی ئەم رەوتەیە. ئەوکەسانەی بە ئینتەرنێت کاردەکەن، لەگەڵ سێ جۆررۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیدا بەرەورووەدەبنەوە.

**جۆری یەکەم** تەنیا نووسخەیەکی چڕی ئینتەرنێتییە. واتە نوسخەیەك کە هەمووباسەکانی رۆژنامەنوسیی چاپی ناگرێتەوە.

**جۆری دووەم،** ئەگەرچی تەنیا هێندێ باسی نوسخە چاپییەکەی تێدایە، بەڵام سات بەسات دەگۆڕێ.

**و لە کۆتاییدا جۆری سێیەم،** کە لە چوارچێوەیەکی جیادایە وسەرەڕای باسەکانی نوسخەچاپییەکە، باسی تایبەت بەخۆی وبەشی سەربەخۆش پێشکەش دەکات.

لایەنی باشی رۆژنامەنوسیی سایبێر حاشای لێ ناکرێ. هەرسێ جۆرەکەی ئەو رۆژنامانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا بۆیە هاتوونەتە ئینتەرنێتەوە وهەڵبەت جۆری سێیەم باشترین جۆریانە.

## هێندێ لە لایەنە چاکە راگەیەنەی سایبێرئەمانەی خوارەوەن:

### ١/ ئازادبوون لەکۆتی کات وشوێن

کات وشوێن هەردووك لە ئینتەرنێتدا لەناوچوون. ئێوە دەگەڵکوو بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند بوون، دەچنە جیهانی سایبێرەوە. بۆ بەدەست هێنانی زانیارییەکان لە رووی شوێنەوە جیاوازیی کاتژمێر (کات) و مەوداتان لەگەڵ وڵاتانی دیکە هیچ واتایەکی نییە. ئەمە لە رۆژنامەنوسیی ئینتەرنێتیدا بەو واتایەیە کە ئەوانە



سات بە سات دەکەونە بەرچاوی خوێنەران و بە واتایەکی دیکە، کاتژمێری بڵاوبوونەوەیان (کە بەشێوەی ئاسایی بۆ راگەیەنەی چاپی دوای چاپ بوونە)بۆنییە. سەرەرای ئەمەش بۆ راگەیەنەی ئەلکترۆنی هیچ گرفتێك لەرووی بڵاوکردنەوەشەوە لەئارادانییە، نەبەفر، نەباران، نەکەمی ئامرازی گواستنەوە وگەیاندن بەرێی زەوی و دەریادا و نەگرفتی خۆرێکخستن لە گەڵ کاتژمێری ناردنی بڵاوکراوەکە لەرێگەی هێڵی ئاسمانییەوە، هیچکامیان لە ئارادانین.

### ٢/ نزیکیی و راستەوخۆیی

لایەنێکی باشی دیکەی رۆژنامەنوسیی ئەلکترۆنی ئەوەیەکە لە نێوان بەرهەمهێن وبەکارهێن (راگەیەنەو وەرگر)دا ناوەنجێك لە ئارایاندا نییە. شتێکی کە لە پەیوەندیی راستەوخۆ دەچێ. بەواتایەکی دیکە هەردوو لایەن، بەردەوام دەستیان بە یەکتر ڕادەگات و دەرفەتی ناردن و ناردنەوەش بەشێوەیەکی سات بەسات لەنێوان لایەنەکاندا هەیە.

### ٣/مامەڵە یان کاروکاردانەوەی دوولایەنە وبەرانبەر

یەکێ لە هەست بزوێنترین تایبەتییەکانی رۆژنامەنوسیی ئەلکترۆنی، دوولایەنە بوونێتی. هەروەك چۆن رەوتی زانیارییەکان لە لایەن رۆژنامەوە درێژەی پێدەدرێ، رێرەوێکی دیکەش بۆ وەرگر هەیە تاکوو زانیارییەکانی خۆی بۆ راگەیەنەکە بنێرێ. بە واتایەکی دیکە ئەمە جادەیەکی جووت سایدەیە. هەلی ناردنی فایل ونامەی ئەلکترۆنی[٣٠] ئامرازی مامەڵە کردنە لەم جۆرە راگەیەنانەدا.

### ٤/ دەرەوەی دەق

دەرەوەی دەق[٣١] تایبەتییەکی گرنگی دیکەی رۆژنامەنوسیی سایبێرە. بەکارهێنانی ئەم توانایییە، بەواتای دەست پێڕاگەیشتنی وەرگرە بە ئەدەبی جیهانیی وشەیەك. بەواتایەکی دیکە، هەر وشەیەکی ئەوپەردەقیی توانایی دەست

پێراگەیشتنی ئێوە بە هەموو بەڵگەکانی پەیوەندیدار بەو وشەیەوە لە ئینتەرنێتدا دەستەبەر دەکات. ئەم توانایە بۆهیچ رۆژنامەیەکی چاپی ناگونجێ وبەخەیاڵیشدا نایە و وەکو خەونێك دەمێنێتەوە.

### ٥/ هێڵکاری بزێو، مۆسیقا، دەنگ و وێنە

لەو بابەتانەی سەرەوە تەنیا وێنەیە کە لە راگەیەنەی چاپیدا هەیە وهەڵبەت بە بێ گۆڕان دەمێنێتەوە ولە ژمارەیەکیشدا چەسپاوە. بەڵام لە راگەیەنەی سایبێردا هێڵکاری جۆربەجۆروبزێو، وێنەی بگۆڕ، دەنگ ومۆسیقاش بە یارمەتیی هەواڵ، وتار، ریپۆرتاژ و... دێنە ئاراوە تا کاریگەریی باسەکە بگەیەننە لوتکە.

### ٦/ بە کەسیبوون

رۆژنامەی سایبێر تەنانەت دەکرێ بۆ تاکە کەسێك بڵاوبکرێتەوە. بەو واتایەی کە ئێوە دەتوانن فەرمان بە رۆژنامە ئینتەرنێتییەکەتان بدەن چ جۆر زانیارییەکتان پێ بدا یان نەدا.

هەڵبەت هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە مەترسیی سەرەکی بۆ سەر رۆژنامەی چاپی لە لایەن رۆژنامە ئەلکترۆنییەکانەوە سەرهەڵنادات ـ هەرچەندە ئێستاوایە ـ بەڵکوو مەترسیی سەرەکی، لەلایەن سایتی بەهێزی وەك یاهو (Yahoo) وەوەیە، چونکە ئەم جۆرە سایتانە بەدانانی ئەڵقەی تایبەتی (سەرچاوەی تایبەتیی گەیاندنی زانیاری) خوێنەرانی رۆژنامەکان بەرەو خۆی رادەکێشێ وبەو شێوەیە بۆ رۆژنامەکان دەبنە مایەی دەردی سەر.

بەڵام بۆ ئەوەی تا رادەیەك لەگەڵ دەسەڵاتی راگەیەنەی ئەلکترۆنی ئاشنا بن، بەبیرتان دێنمەوە کە کاتێ ریپۆرتاژەکەی دادوەر کێن ستار KEN Starr لەبەسەرهاتەکەی کلینتۆن و لۆڤینسکی لە فلۆپییەکی (١١٩٠٥٩) وشەییدا جێ



خرا، لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا لەلایەن ٢٤،٧ میلیۆن کەسەوە لە سەرانسەری دنیادا خوێندرایەوە، واتە بەرامبەر بەتیراژی ٥٠ رۆژنامەی ئەمریکی!

بەکورتی ئەو مەشروعییەتەی کە تیرۆری جۆن ئێف کێنەدی و شەڕی کەنداوی فارس بەراگەیەنەی چاپییان بەخشی، ریپۆرتاژەکەی ستاریش بە ئینتەرنێتی بەخشی و رەنگبێ لەم رووەوە بکرێ بگوترێ بۆچوونی ئاتنۆنی ئیسمیت تارادەیەك بەرانبەر بە سێ شۆرشی پەیوەندیکردن، داهێنانی خەت (رێنووس)، چاپ وکۆمپیتەر دروست بووە. بەڵام ئەوئاگای لەئینتەرنێت نەبوو کە چۆن شۆرشی سێیەم واتە کۆمپیتەرەکانیش قووت دەدا.

### ٧/ نەوەکان وکادرەکان

پێدەچێ، کاتیش لە بەرژەوەندیی رۆژنامەی سایبێر دابێ. نەوەی نوێ رۆژنامەخوێنە و بەراگەیەنەی دیجیتاڵییەوە و بەتایبەت بە کۆمپیتەرەوە گرێ دراوە، بە ساڵ چووانیش بەرەبەرە لە ریزی کڕینی رۆژنامەکان دادەبڕێن، بەبێ ئەوەی جێ نشینێکیان بۆپەیدابێت.

لەلایەکی دیکەوە، شۆرشی دیجیتاڵ، چوارچێوە وتەنانەت ناوەرۆکی راگەیەنەی چاپیشی تاڵان کردووە، ئەم شۆرشە تەنانەت ئاگادارییەکان(ریکلام)یشی لەچنگ راگەیەنەی چاپی دەرێناوە.

### ٨/ دابەشکردنی ئاسۆیی و نەبوونی زنجیرەی پلەکان

پەیوەندیی گشتی لەسەرەتاوە حاڵەتێکی یەکلایەنەی هەبووە. لەمودێلەکانی پەیوەندیی شانۆن و ڤیوێرەوە تاکو "تیۆری گوللەی سیحراوی" هەمووی مودێلی یەکلایەنە بوون. کەچی لە راگەیەنەی سایبێردا، وەرگربەشداربوویەکی چالاکە و وەك نێرەر لە دابەشکردنی زانیارییەکاندا بەشدارە.

سەرەڕای ئەمەش، لە پەراوێزی باسی قازانجەکانی ڕۆژنامەنووسیی سایبێردا هێندێ باسی دیکەش دێنە ئاراوە:

**ئایا لە باسی قازانجەکانی ڕۆژنامە نووسیی سایبێردا زیادەڕۆیی کراوە؟**

پێدەچێ تاکو گەیشتن بە ڕۆژنامەنووسیی سایبێر وخۆسپاردن بەوانە و بەواتایەکی دیکە، ڕاهاتن لەگەڵیان کارێکی سانا نەبێت ولانی کەم هێشتا لەمپەرە کولتوریی، ماڵی و تەکنیکییەکان بەچڕی کاریگەربن[٣٢].

بۆنموونە هەڕەشەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە بیربێنینەوە. ئەگەرچی ڕادیۆ بەشێك لەداهاتی ڕۆژنامەکانی بەرکەوت وتەلەفزیۆنیش لە پەنجاکاندا وەك نەیارێك دژی ڕۆژنامە وڕادیۆ و سینەماش سەری هەڵدا، بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە بەردەوامن وهیچیان ئەوی دیکەیان لە ناونەبردووە.

هەروەك دەبینین، جەماوەر ئێستاش ئامادەنین پارە بە ڕاگەیەنەی ئەلکترۆنی بدەن. ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بەخۆڕایشە، سەرەڕای ئەمەش هێشتا کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەم زەوییە دەستیان بە تەلەفۆن ڕاناگات و دیارە باسی ڕۆژنامەی سایبێریش بۆ ئەوانە جێی نییە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە وادێتە بەرچاو کە ڕاگەیەنە چاپییەکان دەتوانن تێڕوانینێکی جیاوازیان بەرانبەر بە دیاردەی ڕاگەیەنەی سایبێر هەبێت، بەو واتایەی کە هەم میراتی گوتێنبێرگ بپارێزن وهەم لەقازانجەکانی ڕۆژنامەی سایبێر بەهرەمەندبن.

بەبڕوای من ئینتەرنێت بۆرۆژنامەی چاپی تەنیا لایەنی هەڕەشەکردنی نییە، بەڵکوو پڕهەلیشە، بە واتایەکی دیکە چاپ وبەتایبەت ڕۆژنامەی چاپ دەتوانن بەشوێن سایبێریشدا بڕۆن:

١/ دەبێ ڕۆژنامەکان هەوڵبدەن کە لە ڕێکخراوەیەکی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی وهەواڵەوە ببن بەرێکخراوەیەکی بەرهەمهێنی زانیارییەکان و بێ گومان بەدەست هێنانی ڕۆڵێکی ئاوا پێویستی بەگۆڕانکارییەکی سەرەکی لە



کولتووری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە، گۆڕانکارییەك کە بە وازلێهێنانی نەریتی نوخبە سالاری ودەرکەوانیکردنی هەواڵ بەرهەم دێت.

٢/ بەزانست (Knowledge) کردنی زانیارییەکان (Information)بوارێکە کەدەتوانێ ژورنالیزمی چاپی لە چنگ ژورنالیزمی سایبێر ڕزگاربکات. بواری سایبێر هێشتا بێ زانستە و پتر زانیاری پێشکەش دەکات.

٣/ ڕاهاتنی ڕۆژنامەنووسیی چاپی بەئازادیی دەربڕین خاڵێکی بەهێزە بۆئەم بوارە، سەرەڕای ئەمەش، ڕابردوو ومەشروعییەتی ڕۆژنامە چاپییەکان دەتوانێ لە گەیاندنی زانیاریی سایبێردا بەفریایان بگات.

٤/ ڕۆژنامە چاپییەکان نابێ هێزی سەرەکی خۆیان کە بریتیە لە پێشکەشکردنی ریپۆرتاژ و لێکدانەوە لەدەست بدەن و دەبێ تەکنۆلۆژیای نوێش هەر لەم ریپۆرتاژ و لێکدانەوانەدا بەکاربێنن وئەمەش لەکاتێکدایە کە ڕاگەیەنەی سایبێر پتر گیرۆدەی هەواڵن.

٥/ سایتەکانیش وەك ڕادیۆ وتەلەفزیۆن، هێشتا لەسەر ئەرکی سەرگەرم کردن پێدادەگرن، کەواتە ڕاگەیەنەی چاپی دەبێ شیکارانەتر بجولێنەوە، چ لەبواری چاپییەوە وچ لەبواری سایبێرەوە.

٦/ سنووری دەنگۆو واقعییەت لە ئینتەرنێتدا لێڵە. ڕۆژنامە چاپییەکان دەبێ ئەم سنوورە تۆختربکەن، تەنانەت ئەگەر بێنە بواری سایبێریشەوە.

٧/ دەبێ نوسخە ئینتەرنێتیەکانی ڕۆژنامەی چاپی لەگەڵ نوسخەچاپییەکان جیاوازبن تاکوو ڕێبەرایەتی ژورنالیزمی ئینتەرنێتی بکەوێتە دەست ڕۆژنامەنووسی چاپی.

کارێکی دیکەی کە دەکرێ بکرێ ئەمەیە کە نوسخە ئینتەرنێتییەکان ببنە بیانوویەك بۆرۆژنامەنووسیی چاپی تاکوو وەرگران بەرەو ڕۆژنامەکان ڕاکێشن.

بۆنموونە دەكرێ كورتەی گفتوگۆیەكی تایبەتی لە سایتێكدا دابنرێ و تەواوەكەی لە رۆژنامەی چاپیدا بێت تاكوو خوێنەری نوسخەی سایبێر بەرەو نوسخەی چاپی رابكێشرێ.

٨/ زانیاری زانیارییە رۆژنامەنووسان دەبێ رێگەچارەی ئاسان بۆ بەدواداچوونی زانیارییەكان لەنوسخە سایبێرەكانی خۆیاندا رەچاوبكەن، بەجۆرێك كە زۆر ساناتر بێت لە سایتەكانی دیكە.

٩/ لەرووی بدەوی وجوان دەركەوتنەوە، رۆژنامەی چاپی دەبێ لە رۆژنامەی سایبێر بچن چونكە وەرگری رۆژنامەی چاپی دێڕەكانی دیكەش دەخوێننەوە و بەكردەوە ئێستا لە بوارێكی چەند راگەیەنەیی (مولتی میدیایی) دا دەژین، رازاندنەوەی لاپەڕەكان بەشێوەیەكی شیاو دەتوانێ سەرنجی ئەو خوێنەرانەی كە لەگەڵ تەلەفزیۆندا گەورە بوون ویان خوویان بەسایتەكان گرتووە، راكێشن. ئێستا زۆربەی رۆژنامە ئەمریكییەكان لە رێكخستنی لاپەڕەكاندا لە شێوەی ١٠ ستوونییەوە بەرەو رێكخستنی لاپەڕەی ٨ ستوونی هاتوون وگوایە هەرچەندی پتر لە لاپەڕەی ئینتەرنێتی بچن، لەوانەیە بگەن بەرێكخستنێكی لاپەرەی ٦ ستوونی. چونكە هێڵكاری نوێ بەرەو كەمترین لایەنی بەكارهێنانی شێواز دەچێ.

سەرەڕای ئەمانەش ئینتەرنێت لەئاستی تیۆریشدا نەیاری هەیە كە لەوانەیە هێزی ئەمانە دەرفەتی چاكسازی بە رۆژنامەكان بدات. بۆنموونە پتییێرگۆڵدینگ[٣٣] پێی وایە كە ئێمە لەلایەن تەكنۆلۆژیای نوێوە شایەتی جۆرێك بەراگەیەنە كردنین[٣٤]، ئەم راگەیەنانە لەسیناریۆی بەبازرگانی بوون، بەتایبەتیكردن وبەجیهانی كردن تێپەڕێندراون. ئەم راگەیەنانە هەژان بەتەواوی وەلادەنێن وئەوەی بەسەر ئینتەرنێتدا زاڵە، سود وەرگرتنی كۆمەڵگە نییە لەو تەكنۆلۆژیایە، بەڵكوو میكانیزمی بازاڕە[٣٥]. وێڕای ئەوەی كە نابێ لەبیری بكەین مەسەلەكە هەر لە



بنەڕەتدا پەیوەندیی بە ژورنالیزمی چاپی یان سایبێرەوە نییە. بەڵام ئەگەرچی ئاگاداری كاریگەرییەكانی تەكنۆلۆژیای نوێ لە سەر ژورنالیزم هەین ولە بەرچاومانە، بەڵام پرسیارێكی زۆرگرنگ هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە:

**وەرگران لە بەرامبەرئەم گۆڕانكارییە خێرایەدا چ كاردانەوەیەكیان دەبێ؟**

دیارە هێندێ تەكنۆلۆژیای ساكار لەم سەردەمە مودێرنەدا دەمێننەوە. بۆ نموونە هێنری پێترۆسكی لە بەردەوامی قەڵەم دار (میداد) لە بەرانبەر جۆرەكانی قەڵەم سۆفت دەدوێ. پێترۆسكی دەڵێ: بە بەراورد لەگەڵ قەڵەم دار واتە ئەم ئامرازە كاریگەر ودەستییە، ماوسیش، بۆخۆی شتێكە[٣٦].

بەڵام سەرەرای ئەمەش، سەرهەڵدانی سیستمەكانی گواستنەوەی زانیاریی و دێتاكانی كە بەشێوەیەكی زۆر ئاشكرا لە سەر بارستایی و پێكهاتەی كاری رۆژنامەنووسیی كۆن كاریگەربوون، هەم رۆژنامەنووسەكان و ئەو رێكخراوانەی بەكاری زانیاریی گەیاندنەوە خەریكن وهەم خەڵكی ئاسایی، هەموو ناچاربوون بە خۆیاندا بچنەوە، بێ گومان هەركەسێك تەنانەت جارێكیش پۆستی ئەلكترۆنی بۆ پەیام ناردن بۆدۆستانی خۆی بەكارهێنابێت، دەگا بەو بڕوایەی كە ئێمە لە قۆناغی گۆڕانكاریی قووڵداین لە بواری پەیوەندییداین. ئەوگۆڕانكارییانەی كە بە بێ خەرج، بەبێ پسپۆریی تەكنیكی و بە ماندووبوونێكی كەم بۆخەڵك ورۆژنامەنووسان بەدی دێن. بەراوردكردنی كۆكردنەوەی هەواڵ لە شەڕی ڤێتنامدا كە فیلم وهەواڵ لە رێگەی دەریاوە بەزەحمەت رەوانەی نیۆرك دەكرا، لەگەڵ ئەوەی لە شەڕی كەنداودا رابرا، بەجوانی جیاوازییەكانی رۆژنامەنووسیی كۆن وسایبێر ژورنالیزم پیشان دەدات. لە شەڕی كەنداوی فارسدا، جیهان بینەری پەخشی راستەوخۆی بۆمب بارانەكان بوو و بە واتایەكی دیكە راكێشرابووە ریزی یەكەمی بینەرانی مێژووی زیندووەوە. لەراستیدا ئەوەی CNN لە بارەی شەڕی كەنداوەوە پیشانی دا، وەدی هاتنی ئەو رستەیە بوو كە رۆژگارێك تێدتێرنێر سەرۆكی

CNN دركاندبووی. گوتبووی: من هاتووم پێناسەی هەواڵ لەراگەیاندنی رووداوێکەوە بکەم بەشانۆی خودی رووداوەکە.

بەکورتی، پێدەچێ سەرەکی ترین گۆڕانکارییە کە لە تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندییەوە سەریهەڵداوە و شوێنپێی خۆی وەك رۆژنامە نووسیی سایبێرقایم کردووە، پتر لەبواری هەواڵەوە شیاوی دیتن و بەدواداچوون بێ، کەواتە پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە لە ساڵانی داهاتوودا و یان باشترە بڵێین لە یەکەمین دەیەکانی سەدەی بیست ویەکەمدا هەواڵ لە رۆژنامەنووسیی سایبێردا بە بەراورد لەگەڵ رۆژنامە نووسیی کۆن بەچ شێوەیەك دەبێت ؟

پرۆفیسۆر مایکل شودسۆن[٣٧] مامۆستای کۆمەڵناسیی زانکۆی کالیفۆرنیا لە سێن دیاگۆ کە هاوکات کۆمەڵناسێکی راگەیەنە هەواڵییەکانیشە، لەسەر ئەوباوەڕەیە کە ئەمە تەکنۆلۆژییانییە کە ماهییەتی هەواڵەکانی سەدەی بیست ویەکەم پێکدێنێ، بەڵکوو ئەمە پتر بەوشتانەوە بەندە کە رۆژنامەنووسان بۆیان گرنگە[٣٨].

بەواتایەکی دیکە شودسۆن دەیەوێ ئەم پرسیارە باوەی کە ئاخۆ تەکنۆلۆژیای نوێ چی بەسەررۆژنامەنووسیی کۆن دێنێ؟ بەو پرسیارە بگۆڕێ کە رۆژنامەنووسان چی بەتەکنۆلۆژیای نوێ دەکەن ؟

ئەو پێی وایە رۆژنامەنووسان کە بە رواڵەت لەهەل ومەرجی سایبێردا داماون، دەتوانن بەرگری لە بەهاکانی خۆیان لەم بوارەی راگەیەندنی نوێ بکەن.

دەکرێ رەنگدانەوەی روانگە وبۆچوونی پرۆفیسۆر شودسۆن لە راپۆرتی بنکەی کارگێڕانی هەواڵە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکاندا ببینرێ. ئەم بنکەیە لە توێژینەوەیەك کە لە بواری کاریگەری تەکنۆلۆژیای نوێی راگەیاندندنی لە سەر



رۆژنامەنووسیی کۆندا کرا، گەیشتە ئەو ئاکامە کە کارگێڕی رایەڵەکان و دەزگاکانی هەواڵدان و پەیامنێرانیش پێیان وایە: تەکنۆلۆژیای نوێ لە رووی چەندییەوە خەرجە بە شێوەیەکی ئاشکرا داشکاندووە «بەڵام لەرووی چۆنێتییەوە رۆژنامەنووسییان هەڵنەکێشاوە[٣٩]». هاوکات نابێ دەستکەوتەکانی بنکەی کارگێڕانی هەواڵە رادیۆیی وتەلەفزیۆنییەکان لەبارەی سایبێر ژورنالیزمەوە کە لە تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیی وزانیارییەوە هاتوون، بەتەواو وەربگیرێ.

راستە کە لەوانەیە تەکنۆلۆژیاکان نەتوانن بە سەر پارادۆکسی سەرەکی رۆژنامەنووسیی واتە دەورو کاریگەریی دەسەڵاتی زاڵ بەسەرناوەرۆکی راگەیەنەیدا کاریگەرییان هەبێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە نابێ لەبیربکرێ کەجیهانی سایبێر وبەتایبەت سایبێر ژورنالیزم توانیوێتی رۆژنامەنووسییەکی مەدەنی بێنێتە مەیدانەوە.

بەشداریی هەواڵدەریانەی جەماوەر لەرێگەی ئینتەرنێتەوە لەجیهانی راگەیاندندا، کەش وهەوای زاڵ بە سەرهەواڵدانی گۆڕیوە. بەشێوەیەك کە جەماوەر ئۆردوگای تایبەت بە خۆی لە بەرانبەر گوتاری زاڵی فەرمی بەسەر هەواڵدانی بەدەست هێناوە وبەواتایەکی دیکە کەش وهەوای هەواڵدان ئێستا دیموکراتی ترن. چونکە ئێستا ئیدی لە بەرانبەر هەر رەوایەتێکی فەرمیدا رەوایەتێکی مەدەنی نافەرمیش پێکدێت وئەمەش بەواتای پەرەگرتن وکاریگەریی پانتای جەماوەرییە لە سەرپانتای رۆژنامەەنووسیی کۆندا.

بەکورتی لەپانتای سایبێرژورنالیزمەوە وبەتایبەت لەو بوارەی هەواڵدان وا بەسەریدا زاڵە، چەند تەوەری سەرەکی دێتەبەرچاو:

## پیشه لەسایبێرژورنالیزمدا

ئاساییە کە رۆژنامەنووسان لەکەش وهەوای سایبێری ئێستادا دەرفەتی پیشەیی پتریان بۆدەردەخسێ. هەڵبەت بەدەست هێنانی ئەم دەرفەتانە لە گرەوی بەدەست هێنانی پسپۆڕێتی پێویستی سایبێرنێتیك دایە.

تامەزرۆیی بۆ بەدەست هێنانی زانیارییەکان لەم سەردەمەی ئێستادا لە پێشوو پترە وکۆمپیتەرەکانیش توانایی کۆکردنەوە، راگرتن، دارشتن ودۆزینەوەی زانیارییان بەچڕی بەرەو ژوور بردووە. کەواتە داواکاری بۆ دامەزرانی رۆژنامەنووسی پسپۆڕ نەتەنیا کەم نەبۆتەوە بەڵکوو زیاتریش دەبێت. هەربۆیە بەدەست هێنانی شارەزاییەکان لە بواری سایبێرەوە دەتوانێ ئاسۆی نوێ لەبەردەم رۆژنامەنووسان بکاتەوە.

## خاوەنێتی لە سایبێر ژورنالیزم دا

لەلایەکیشەوە کەش وهەوای رۆژنامەنووسیی سایبێر دەتوانێ ببێتە موڵکی غوولەکانی راگەیاندن ودەشتوانێ ئامانجی رۆژنامەنووسان وتەنانەت کەسانی ئاساییش دابین بکات.

بەشێوەی ئاسایی لە فرمانڕەوایەتی هەرکام لەم دوو قۆڵە- غوولی راگەیاندن ورۆژنامەنووسانی سەربەخۆ ـ یاساکانیش دەوریان دەبێت و لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە کەش وهەوایەکی دیموکراتییانەتری هاوچەرخ، رێگە بە یاسادانەران نەدەدات تاکوو رەوتە دیموکراتییەکان بۆ خزمەتی غوولەکانی راگەیاندن بەکاربێنن. هەڵبەت ئەم رێڕەوە هێشتا رێڕەوێکی سەخت وناهەموارە.



## کەسایەتی ودامەزراوەکان

بەراستی کەشوهەوای سایبێر ژورنالیزم ئاستی توانایی مانۆڕدانی کەسەکانی بەرێژەی دامەزراوەکان بردۆتە سەرێ. لەوانەیە ئامادەکردنی ئەوشتەی کە لە سەردەمی زۆربەرهەمهێنانی ئوتۆمبێلدا ـ کەمانۆڕدانی فیزیاوی کەسەکانی بەدواداهات وئوتۆمبێلەکانی لە پێناو ئامانجی سەرنشینەکانیاندا وەرێ خست ـ رووی دا[٤٠] ئێستاش خەریکبێ دووپات بێتەوە. ئایا کەسەکان یارمەتی دامەزراوەکان دەدەن ؟ ئایا رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ بەهانای راگەیەنەکانەوە دێن ؟ یان ئەوەی کە جەماوەر لەراگەیەنەکان روو وەردەگێڕن وهەرکەسەو بۆخۆی هەواڵدەرییەك، سەرنووسەرێك، ئەندامێکی دەستەی نووسەران و خوێنەرێك دەبێت.

## ناوەرۆکی خۆجێیانەی راگەیەنەکان

هەمووکەسێ هەواڵی دەوروبەری خۆی پێ بەلاوە کرنگترە لە هەواڵەکانی دیکە (بەهای نزیکی لە هەواڵدانـدا) و پێدەچێ لە هەربەکارهێنێکی ئینتەرنێتی هەرچەند تازەکاریش بێت پرسیاربکەن، کام یەك لەو هەواڵانە ـــ هەواڵە خوجێییەکان یا هەواڵەدەرەکییەکان ـ لەکەش وهەوای سایبێر ژورنالیزمدا بوژاونەتەوە ؟ وەڵامەکەی هەواڵە خوجێییەکان دەبێت.

## دەستگەیشتن بەزانیارییەکان

ئاستی دەستگەیشتن بە زانیارییەکان چۆتە سەرێ، هەڵبەت نابێ تووشی ئەو وەهمە ببین کە چوونە سەرێی ئاستی دەست پێڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، بە ناچار بەواتای دەستگەیشتنی یەکسانی زانیاریەکانە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەو رۆژنامەنووسەی کە ئەزموون وشارەزاییەکانی قۆناغی سایبێرژورنالیزم فێربوبێت، زانیارییەکان ساناتر بەدەست دێنێت.

## ناوەڕۆکی سایبێررۆژنالیزم

ئەوکۆمپیتەرانەی ئێستا لەماڵەکاندا هەن پتر مەبەستی فێرکاری، بازرگانی ویان تەکنیکییان هەیە. دایك و بابەکان وەك پەنجاکان کە ئینساکلۆپێدیان دەکڕیّ، ئێستا کۆمپیتەر دەکڕن[٤١].

ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنیّ کە بواری فێرکاریش لە کەش وهەوای سایبێردا لە بەرچاوە و لە بەرئەم هۆیە ناوەڕۆکی سایبێر ژورنالیزمیش ناتوانیّ بەرانبەر بە بواری فێرکاری بیّ لایەن بێت.

## ئاکامەکان

وا دێتە بەرچاوکە سایبێر ژورنالیزم تێکەڵاوێکە لە دەرفەت و مەترسی. دەرفەتە، چونکە دەکریّ بە وەدەست هێنانی ئەوشارەزاییانەی پەیوەندیان بەوەوەهەیە، ببێتە یاریزانێك لە بواری ئاسۆییەکەیەوە ومەترسیدارە، چونکە بەدامەزرانی کەشوهەوایەکی ئاسۆییانە لە بەرانبەرکەشوهەوا ستوونییەکەی رۆژنامەنووسیی کۆندا، ئاستی مەشروعییەتی رۆژنامەنووسیی کۆن دادەشکێنیّ. رۆنانی رۆژنامەنووسیی کۆن رۆنانێکی ئەستوونیی پلەدارە وەك رێکخراوی نەتەوەکان کە تێیدا سکرتێر ویان ئەنجومەنی سکرتارییەت لە بەرانبەر ئەندامەکانی دیکەی بڵاوکراوەکەدا مافی ڤیتۆیان هەیە ودەتوانن وەك بەدەسەڵات ترین دەرکەوانەکان، دەروازەی راگەیەنەکە لەسەر ئەو هەواڵانەی کە بەلای ئەوانەوە ناپەسندن گاڵە دەن. کەچی هەروەك ئاماژەی پێکرا، ئەم دۆخە لەرۆژنامەنووسیی سایبێردا لەناوچووە وبیّ شك وەرگران لەرۆنانە ئاسۆییەکان زۆر رازی ترن تا رۆنانە ستوونییەکان وئەمەش دەتوانیّ رۆژنامەنووسیی کۆن لەگەڵ داکەوتنی وەرگر بەرەوروو بکاتەوە.

مەترسییەکی رۆژنامە نووسی کۆن کاتیّ پترو ترسناکتر دێتە بەرچاو کە توانایەکانی مۆڵتی میدیایی روژنامە نووسی سایبێریش لە بەر چاو بگرین، هەر ئێستا بەکارهێنانی وێنە، گرافیکی هەواڵ، دەنگ، هێڵ و هەروەها بە



کارهێنانی باکگراوندە(پێشینە) کان وەك تەواوکەری هەواڵ بووەتە کارێکی باو لە رۆژنامەنووسیی سایبێردا و هاوکاتیش لایەنە سەرنج راکێشەکانی رۆژنامە نووسیی کۆنیش بە چڕی داکەوتووە.

خاڵێکی دیکە کە هەڕەشە لە رۆژنامە نووسیی کۆن دەکا، بابەتی دابەش کردنی بەربڵاوە لە رۆژنامە نووسیی سایبێردا، رۆژنامە نووسیی سایبێر بە کردەوە کات و شوێنی کوشتووە و بە واتایەکی دیکە وەرگر لە هەر کات و لە هەر شوێنیّ پێویست بێت بە شێوەی ٢٤ × ٧ دەستی بە زانیارییەکانی رۆژنامە نووسیی سایبێر رادەگات، بە واتایەکی دیکە وەرگری رۆژنامە نووسیی سایبێر، پێویستی بە لە چاوەڕوانیدا مانەوە بە دیار زانیارییەکانەوە نییە، هەرکات بیهەوێت دەتوانیّ بێتە ئاسمانی ناوەڕۆکی راگەیەنەی سایبێرەوە. واتە، دەست پێڕاگەیشتنی ئەوبە ناوەڕۆکی راگەیاندنی سایبێر دەست پێڕاگەیشتنێکی تەواو دیارو هەمەلایەنەیە، وەرگری راگەیاندنی سایبێر هەر هەفت رۆژی هەفتە بیستوچوار ساعەتەکەی ئەو ناوەڕۆکەی بۆی ئامادە دەکریّ لە بەر دەستی دا هەیە و ئەمە بۆ رۆژنامە نووسیی کۆن وەك خەون وایە.

بابەتێکی دیکە کە لەم پەیوەندییەوە لە ئارادا هەیە، بواری گرتنەوەی راگەیەنەی سایبێرە: لە رۆژنامە نوویسی سایبێردا، چەمکی هاوشاریی (Cityzen) شوێنەکەی داوە بە چەمکێکی نوییّ دیکە، بە ناوی هاواریەڵەیی (Netizen). و ئەمەش بەو واتایەیە کە جوگرافیاش لە رۆژنامەنوویسی سایبێردا دەوری نەماوە. بەجۆرێك کە جوگرافیای وەرگر لە رۆژنامەنووسیی سایبێردا جوگرافیاییەکی جیهانییە و لە رۆژنامە نوویسی کۆنیشدا جوگرافیایەکی ناوچەییە.

دیاردەی هاوڕایەڵەیی دەسەڵاتی گرتنەوەی راگەیەنەیی لە رۆژنامە نووسیی سایبێردا دێنێتە سەر شانۆ، بە جۆرێك کە دەکریّ بگوتریّ لە رۆژنامە نووسیی سایبێردا کێشەی ناسەقامگیری (Entropy) کە دەردێکی کۆنی پەیوەندی

كردنە، نايەتە بەر چاو، لە رۆژنامە نووسيى سايبێردا لەگەڵ داڕووخانى زانيارييەكان بەرەو ڕوو نين و ئەوەى بەرهەم دێت بە سانايى دەكەوێتە بەر دەستى هەموو ئەو وەرگرانەى  خەريكى بەكارهێنانى ئەم جۆرە لە رۆژنامەنووسين، واتە ئەوەى كە نۆربێرت وێنێر[٤٢] (١٩٥٤) وەك لاوازييەكى پەيوەنديكردن هێنايە ئاراوە، ئێستا لە رۆژنامە نووسيى سايبێردا لە ناو چووە. بە شێوەيەك كە ئێستا هەر لە بنەرەتدا سايبێر سپێس (Cyberspace)- كە سايبێر ژورناليزمى لە خۆگرتووە — بە جيهانى پێك هاتوو لە زانياريى تۆخى ناودەنێن، جيهانێكى كە هەرچەند لايەنى فيزياوى نييە و مەجازييە، بەڵام جيهانى بابەتەكانە، جيهانى زانيارييەكانە، جيهانێك كە يەكە پێكهێنەكانى سەرتاپا زانيارييە[٤٣]. بە واتايەكى ديكە، سايبێرسپێس ئيستا هەمان ئەو واقعييەتە مەجازييەكەيە كە دەوروبەرەكەى بەزانيارى تەنراوە[٤٤].

خاڵێكى ديكەى شياوى ئاماژەپێكردن ئەوەيە كە، كەش و هەواى رۆژنامە نووسيى سايبێر بەجۆرێك سەرنجى وەرگران و شارەزايانى پەيوەندييەكانى راكێشاوە كە ئێستا باسێكى ناسراوى ديكە بە ناونيشانى ديموكراسى ئەلكترۆنى (e-democracy) بە دواداهاتووە، ئێستا لە جيهانى پەيوەندييەكاندا، ديموكراسى ئەلكترۆنى لە راستيدا دەستەواژويەكە وەديهاتنى مۆديرنيزاسيۆنى ديموكراسى تەنى ئاماژە بۆكراوى ئەو دەستە واژەيەيە لە رێگەى راگەيەنە ئەلكترونييەكانەوە، هەر لەم باسەدا تارادەيەك ئاماژە بەو بۆچوونە كراوە و دەكرێ بگوترێ لە دەيەى رابردوودا ئێمە شايەتى شۆرشى پەيوەندييەكان بووين، ئەو شۆرشە بە چاو دەبينين كە توانى گوتار (Discourse)ى بەرجەستە كردنى راگەيانە چاپييەكان لە كەسەكانەوە بەرەو كۆمەڵگەكان و بۆ ئاستێكى بەربلاوترى كۆمەڵانى بەرينى خەڵك بگوازێتەوە[٤٥] ئەگەرچى بە جيهانى كردن، پێوەيە بە بەهێزكردنى غوولەكانى راگەياندن ئەم گوتارە بەرەو رێڕەوەكەى پێشووى رێبەرى بكات.



لە راستيدا هەروەك چۆن ئێستا تاكەكان خەريكن رۆژنامەنووسى سايبێر لە پێناو ئامانجەكانى خۆياندا بەكار دێنن، هێزە نەريتخوازە سياسيەكان، حكوومەتەكان، راگەيەنەى چاپى و رێكخراوەكانيش پێوەن شێوازى بەكارهێنانى رۆژنامە نووسيى سايبێر بەرەو رێرەوى دڵخوازى خۆيان راكێشن.

بەڵام خاڵێكى گرنگ ئەويە كە ئايا زاڵبوونى گوتارى جەماوەرى لە رۆژنامەنووسيى سايبێردا، بە واتاى زاڵبوونى گوتارى رێگەچارە جەماوەرييەكانيشە؟ جەماوەر ـ لەم وتارەدا وەرگران بە تايبەتى ـ بەشدارييەكى بەربلاوتر و بەواتايەكى ديكە دەست تێوەردانێكى كاريگەرانەتريان لە پرۆسێسى پەيوەنديدا هەيە و تەنانەت ئەم پانتا گشتييەديجيتاڵە دەتوانێ ديموكراتييانە تريش بێت.

لە راستيدا تەكنۆلۆژياى پەيوەنديكردن وەك ژێربيناى رۆژنامەنووسيى سايبێرهەرئێستا ديموكراسى ئەلكترۆنى بەدى هێناوە، بەڵام بابەتى گرنگ مانەوەى ئەم ديموكراسييەيە، ئەم ديموكراسيية ديجيتاڵە بەكەيف و نەشەيە هاوكات گوتارى نەريتخوازانەى دەسەڵات و گوتارى زاڵ بەسەر رۆژنامە نووسيى كۆنيشى بەو رادەيە خەمسارد و سەرلێشيواو كردووە. سەرەڕاى هەموو ئەمانەش، ئەم كارە بە واتاى خۆبەدەستەوەدانى گوتارى نەريتخوازانەى دەسەڵات لە بەرانبەر كەش و هەواى سايبێردا نييە، چۆنێتى دانانى ياساكان لە كەشو هەواى سايبێردا دەتوانێ بە چڕى لە سەر ئەم رەوتە زاڵە كاريگەر بێت.

## ٩

## وێبلاگ نووسیی

هەر ویبلاگێك[٤٦] بۆشاییەكی ئینتەرنێتییە و نووسەرەكەی ـ بە بلاگێر[٤٧] ویان وێبلاگێر[٤٨] ناسراوە ــ ئەم بۆشاییە بە تێكەڵاوێك لە بیرەوەریی، هەواڵ و ئەو لینكانەی حەزی لێیانە پڕدەكاتەوە، وێبلاگەكان بریتین لە بیرەوەری و هەواڵ لە بارەی هەواڵەكانەوە.

بە بڕوای من وێبلاگ نووسەكان، ئەركی چاوساغەكانیان لە ناوچە كوێستانیەكانی ئینتەرنێتدا لە ئەستۆیە، راستە كە هەموو رۆژێك ئەزموونی تاكەكەسی و بیرەوەرییەكانیان بۆ كەسانی دیكە دەگێڕنەوە، بەڵام هەركە روویان كردە پێشكەشكردنی لینك، دەبنە چاوساغ و رێنوێن بە وتەی شاخەوانان دەبنە رچەشكێن.

ئەم وێبلاگ نووسانە هەڵوێستیش وەردەگرن، و جاروبارە بۆچوونی خۆیان لە سەر گرنگترین روداوەكان دەردەبڕن، كە واتە لەم رووەشەوە دەكرێ بە ئامرازی بچووك كردنەوەی راستییەكان دابنرێن، و لە راستیدا بلاگێرەكان روانگەو هەڵوێستی ئالتێرناتیڤ و بەرانبەرن لە بەرامبەر ڕوانگەو هەڵوێستی راگەیەنەی زاڵدا. (Mainstream media) كە واتە دەكرێ بگوترێ كە وێبلاگەكان، ئەم كەندوانەی هزر وپشت گەرم بە مامەڵە و دان وستاندنان، بەكردەوە هاتوونەتە جەرگەی باس و دمەتەقێ لە سەر گۆڕانی پلات فۆڕم ویان گۆڕینی بەرجەستەكراوەكانی راگەیاندنی چاپی زاڵیشەوە، بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەم دەمەتەقێیە ئێستا



بەردەوامە، نەراگەیاندنی چاپی وەكو پێوەر، خۆشیان لە چارەی وێبلاگەكان دێت ونە وێبلاگەكانیش حەزیان لە راگەیاندنی چاپییە. پێدەچێ ئاوڕدانەوەی وێبلاگەكان لە راگەیەنەی چاپی و نادیجیتاڵی تەنیا بۆ لە قاودانیان و رسواكردنیانە، من لێرەدا بەخستنەرووی ئەم خاڵە دەمەوێ بگەم بە ئاكامێك: وێبلاگەكان ئەو بۆشاییەی كە راگەیەنەی زاڵ دەیانەوێ وەرگرەكانیانی تێدا گیرۆدە بكەن، دەگۆڕن و لە راستیدا لوتكەی رووبەرووبوونەوەی وێبلاگەكان و راگەیاندنی چاپی ئەو جیبەیە كە بە پانتا یان بۆشایی زاڵ یان چوارچێوە (Context) ی زاڵ ناوی دەبەین. ئەم چوارچێوە زاڵە بەكردەوە گوتارێكی چاپییە، گوتارێك كە راگەیاندنی زاڵ دەیپارێزن و بەو ئەدەبیاتەی بەكاری دێنن لە كردەوەدا دۆخێكی لە ئارادهەیە بەباش دەینوێنن و دەبنە مایەی ئەوە كە گێڕانەوەی فەرمی هەررووداو و گۆڕانكارییەك بە سەر هزری وەرگراندا زاڵ بێت. كەواتە شەڕی وێبلاگەكان و راگەیاندنی چاپی لە سەر گوتاری نوسراوە.

### جیاوازی گوتارەكان

هێشتا بۆ ئەوەی بە پوختی بە گوتاری گێرانەوەی وێبلاگەكانەوە خەریك بین زووە و ئەگەرچی لەبارەی گوتاری گێڕانەوانەی راگەیاندنی چاپیەوە ئەدەبیاتێك لە ئارادا هەیە، ﴿بەتایبەت كتێبە بەنرخەكەی راجێرفۆولێر[٤٩] بە ناوی «زمانی هەواڵەكان، گوتار و ئایدۆلۆژیا لە چاپەمەنییەكاندا» كە لە راستیدا میتۆدی تاوتوێكردنی ئەم گوتارەی پێشكەش كردووە﴾ لە پانتای گێڕانەوەی وێبلاگەكاندا هەر هیچ لە ئارادا نییە و هۆیەكەشی بە بڕوای من بە تەواوی ڕوونە: هێشتا چەمك، توخم و زانیارییەكانی بەكارهێنان (Operational data) لە بواری بەرهەمهێنانی ناوەرۆكی وێبلاگییانەدا پێك نەهاتووە. بلاگێرەكان پتر گەنجن و ئەزموونی تاوتوێكردن و توێژینەوەی میتۆدۆلۆژییانەی بەرهەمەكانی خۆیانیان نییە و توێژەران و لێكۆڵەرانی لێزانیش شارەزای وێبلاگ نین.

کەواتە من لەم باسەدا کە تەنیا بە بۆچوون و ئەزموونی تاکە کەسی پشتگەرمە (Opening article) بە شێوەیەکی راگوزارییانە ئاماژە بەو ئاسۆیانە دەکەم کە لە ئارادا هەن.

وا دێتە بەرچاو کە جێگۆرکێیەکی گەورە لە بواری گێرانەوەی گوتاردا لە ئارادا هەیە. من لە گوتاری راگەیاندنی چاپیدا ئەم جێگۆرکێیە بە پێی جۆری گێرانەوەکە بە جێگۆرکییەکی گەورە دادەنێم.

لە ئەدەب و گوتاری گێرانەوەی راگەیاندنی چاپیدا گێرەرەوە پتر لە گۆشەنیگای سێیەم کەسی تاکەوە دەگێرێتەوە و بەکارهێنانی جێناوی یەکەم کەسی تاک (من)، هەر لە بنەرەتدا جێی نییە و بە قەدەغەکراوی دادەنرێ، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە زۆرتر لە شێوازی قوچەکی سەراوبن بۆ گێرانەوەی رووداوەکان کەڵك وەردەگرن، باش دەزانن کە ئەگەر جێناوی یەکەم کەس لە هەواڵەکانیاندا بە کار بێنن، (لە راستیدا بۆ خۆیان گێرەرەوەی گێرانەوەکە بن)، کارەکەیان بە شیکردنەوە ناودەبەن و هەر بۆیەش سکرتێر و سەرنووسەران پێیان دەڵێن: ئەمە خۆ هەواڵ نییە، بۆچوونە !

تەنانەت لە وانەکانی فێرکردنی رۆژنامەنووسیشدا بە ئاشکرا بە رۆژنامە نووسەکان دەگوترێ کە هەواڵ (News) شتێکە و بۆچوون (Views) شتێکی دیکەیە. لە راستیدا لە ئەدەبی چاپیی رۆژنامەنووسیدا بەکارهێنانی گێرانەوە لە زمانی یەکەم کەسەوە جۆرە تاوانێکە، هەڵەیەکی تەکنیکییە و بە دەست تێوەردان دادەنرێ. لەم گوتارەدا تەنانەت هەڵکێشانی گرنکترین بەشی هەواڵ بۆ سەر (لید)یش بە جۆرێك دەست تێوەردان لە قەڵەم دەدرێت. جا چ بگا بەوەی کە رۆژنامەنووس بیهەوێ وەك یەکەم کەس باسەکە بگێرێتەوە.

بەڵام بلاگێرەکان لە بەرانبەر ئەمانە دان، ئەوان هەر لە بنچینەوە بە شێوەی یەکەم کەس دەگێرنەوە و بەواتایەکی دیکە یارییەکانیان بە شیکردنەوە و



راگەیاندنی بۆچوونەکەیان دەست پێدەکرێ لە هەر گێرانەوەیەکدا تێروانینی تاکەکەسانەی خۆیان دەخەنە روو و ئەمەش هەمان ئەو خاڵەیە کە دژبەرانی وێبلاگەکان وەك پاژنەی ئاشیلی وێبلاگەکانە تەماشای دەکەن و هەڵدەکوتنە سەریان. رۆژنامەنووسانی رۆژنامە چاپییەکان، لەبەر ئەمە بە بلاگێرەکان دەڵێن ئێوە شەیدای خۆتانن و ئاماژە بەخۆتان دەکەن.

خاڵی دووەم، بەکارهێنانی زمانی نافەرمییە لە وێبلاگ نووسیدا. بلاگێرەکان لە کاتی گێرانەوەدا راوێژێکی خۆمانە ونافەرمی بەکار دێنن، کەچی گوتاری راگەیەنەی چاپی بە شێوەیەکی کلاسیك، فەرمی و جدییە.

خاڵی سێیەم، لە جۆری هەواڵەکانی ئەم دوو گوتارەدا دێتە بەرچاو، دەسەڵاتی راگەیاندنی چاپی لە بواری سەختە هەواڵ (Hard news)ە کاندا زۆر لە سەرێیە، کەچی وێبلاگەکان لەم بوارەدا زۆر لاوازن و هۆی ئەم کارەش حەزی زۆری بلاگێرەکانە لە راگەیاندنی بۆچوونی تاکەکەسیانەی خۆیان.

خاڵی چوارەم، ئەوەیە کە گوتاری راگەیەنەی چاپی هەر لە بنجەوە لەگەڵ ئەوەی لە کۆڕو کۆبوونەوە ئاکادێمیەکاندا بە رەخنەی راگەیەنەیی (Media Criticism) ناوی دەبەن ناکۆکە و ئەمە لە کاتێکدایە، گوتاری بەرهەمهاتوو لە لایەن وێبلاگەکانەوە دەکرێ تا رادەیەك بە پاشماوەی سروشتییانەی ئەو باسانە دابنرێ کە لە رەخنەی راگەیەنەییدا دێنە ئاراوە.

خاڵی پینجەم، بابەتی نادیار نووسین (Passive voice) و دیار نووسین ( Active voice)ە، نادیار نووسین بۆ گوتاری چاپی بە خاڵێکی بەهێز و بە نیشانەی شارەزایی دادەنرێ، چەند نموونەیەك:

★ کۆڕو کۆمەڵی شارەزا لەسەر ئەو باوەڕەن کە:
★ گۆمان هەیە کە:
★ ئەمەی کە ئاخۆ گۆڕانکاریی نوێ گۆڕانی بەدوادا دێت یانا، پێویستی بە...

بەڵام نادیار نووسین لە وێبلاگەکاندا بــە هــیچ جۆرێــك بــەدی نــاکرێ و هــەر لــە بنجەوە یەکێ لە سەر گەرمییەکانی وێبلاگــە بەدەســەڵاتەکان لــەقاودانی نادیــار نووسینە لە بڵاوکراوە گەورەکانی وەك واشنتۆن پۆست و نیۆرك تــایمزدا، تــەوەری گوتاری وێبلاگ، ئیرادەی ئاشکرایی و دیار بوونە.

سەرئەنجام بە پرسیارێك باسەکە کۆتایی پێدێنم: ئاخۆ ئەم دوو گوتارە لێك نزیــك دەبنەوە یان ئەوەی کە، کەلێنەکە پتر دەرەوێتەوە؟

زانینگەی کالیفۆرنیا و لە راستیدا قوتابخانــەی رۆژنامەنووســی بێرکلــەی یەکــەم پــۆلی وێــبلاگ نووســی ســەدەی ٢١ی وەرێ خــستووە، ئایــا ئەمــە بەنیــشانەی راستکردنەوەی گوتاری راگەیاندنی چاپی بە گوتاری وێبلاگەکانە یان ئــەوەی کــە دەست پێکردنی هەڵمەتێکی گەورەیە لە لایەن گوتــاری یەکەمــەوە بــۆ قوتــدانی گوتاری دووەم؟

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١ - Julius Caesar
٢ - Acta Senatus
٣ - Acta Publica
٤ - Acta Diurna
٥ - Thomas Berner
٦ - Mainstream
٧ - Web Page
٨ - Building Citizen - based Electronic democracy (٢٠٠٢)
URL: http://WWW.e - democracy. org /int / Library / build.html
٩ - Henry Breitrose
١٠ - The media revolution in America and in western Europe: Volume II in the
Paris - Stanford series (Norwood,Nj): Ablex Publishing corporation , ١٩٨٥ ,
P٦٨ - ٦٩.
١١ - Cyberspace
١٢ - Smilie.D.(١٩٩٩) Future of journalism gets uncertain forecast
URL: http:// WWW. Freedomfrum. org
١٣ - Mike Godwin
١٤ - James Carey
١٥ - Peter Shankman
١٦ - Online
١٧ - John Lax
١٨ - Grey Communications
١٩ - CD Rom
٢٠ - Corina J. Moebius
٢١ –[ Luckman,s www yellow pages]
٢٢- Lorilyn Bailey



٢٣ - Media resource site
URL: http: // WWW. guestfinder. com
٢٤ - Computer - assisted journalism
٢٥ - The Accrediting council on Education in journalism and mass communication
(٢٠٠٢)
URl: http:// WWW.Mediainfo. com / News / Newshtm / News htm.
٢٦ - computer-assisted reporting
٢٧ - Josh schroeter
٢٨ - Center for new media
٢٩ - Cybermedia
٣٠ - E-mail
٣١- Hyperteyt
٣٢ - Tottam,G.(١٩٩٩) The future of newpaper,survival or extinction ? Media ,
volume ٢٦ No.٤
٣٣ - Peter Golding
٣٤ - Mediatization
٣٥ - Golding,P.(١٩٩٩) World wide wedge: Division and contradiction in the
global in formation in fractures, Monthly Review. Vol.٤٨,No٣, July-August
PP.٧٠-٨٥
٣٦ - Petroski,Henry (١٩٩٣)." A Rub-out",the New Ripublic, Dec,٦,p.١١.
٣٧ - Michael Schudson
٣٨ - schudson, Michael (٢٠٠٠)"News in the Next century ,New technology, old
Values and a definition of News ] html.Ducument [.

٣٩ - Radio and television of News: Defining the issues.Washington ,D.C.RTNDF.
٤٠ - Willams,Raymond(١٩٨٣)the Year ٢٠٠٠.New York pantheon.
٤١ - Veronis , Suhler & Associates (١٩٩٤) communication industry Forecast. New York Veronis , suhler. pp. ٢٧٠-٧٧١
٤٢ - Wiener, Norbert (١٩٥٤) the human use of human being.New York: Dacapo press.
URL: http: // WWW. Well. Com / user / mmcadams / wiener / html
٤٣ - Cyberspace: Two Flavors (٢٠٠٠).
URL: http: // WWW. Well. Com / user /
mmcadams / Cyberspace. html
٤٤ - Bendikt, Michael (١٩٩١) " Cyberspace: some proposals. " in Cyberspace:
First steps , edited by Michael Benedikt , pp.١١٩-٢٢٤. Cambridge, Mass:
Mit press.
٤٥ - Building citizen – based Electronic Democracy Efforts (٢٠٠٠)
URL: http: // WWW. e - democracy. org / intl / library / build. html.
٤٦ – Weblog
٤٧ – Bloger
٤٨ - Webloger
٤٩ -Roger fowler